# مەم و زین

## بەهەورامی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە

نامق هەورامی

2020

# مەم و زین
## بە هەورامی

لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە

نامق هەورامی

٢٠٢٠

| | |
|---|---|
| * ناوی کتێب | : مەم و زین بەهەورامی |
| * بابەت | : لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری |
| * نووسەر و لێکۆڵەر | : نامق هەورامی |
| * بەرگ | : ئارش عەباسی |
| * دیـزاینی ناوەوە | : شاخەوان جەعفەر |
| * تایـپ | : نووسەر |
| * ساڵی چاپ | : ۲۰۲۰ |
| * چــاپ | : چاپی یەکەم |
| * تــیــراژ | : ۵۰۰ دانە |
| * نرخ | : ۵۰۰۰ دینار |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارە سپاردنی (۱۸۰) ساڵی (۲۰۲۰)ی پێدراوە

لەسەر ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری هەڵەبجە چاپکراوە

ئی لاقۆره گولانێ پێشکەشەنە

• بە ویەردەی رۆشن و پەڕ جە ئاوەزو هەورامانی، پەی ئیسەی رۆشنایێ گۆرەن کە میاونۆما بە ئایندێوی گەشتەر و پەڕ جە ئاوەز..

• بە گیانو ئانیشا چی رێنە چراوێوەشا گیسنێنەنە و نمازا ئی فەرهەنگە ئۆجاغ کۆر بۆنە..

# پێشەکی

هەمیشە ناو دڵی چیاکانی زاگرۆس مەڵبەندی ئافراندن و جوانخاسی بوون، لەم بومەدا زۆر شت دەرکەوتون، بەداخەوە یان لەناو چون یان بەناوی خەڵک و نەتەوەی ترەوە لە مێژودا تۆمار کران.

وردە وردە شتی دەگمەن و دانسقە دەدۆزرێنەوە، بۆیە پێویستە شەرم لەوە نەکەین و بوێرانە باسی ئەوە بکەین جارێکی تر مێژوو بخوێنرێتەوە و دابڕێژرێتەوە.

پێشتر کاتێک ناوی مەم و زین دەهات تەنها بیرمان بۆ شاعیری مەزن خانی دەچوو، پێمان وابوو ئەو یەکەم و دوا خاوەنی ئەم داستانەیە.

ئیسە دوای دەرکەوتنی دەسخەتی تر و هاوشێوەی ئەم داستانە و کتێبی تر لە شوێنەکانی تری کوردستان، دەبێت دەرگای لێکۆڵینەوەی زیاتر بکریتەوە بۆ قسەو باس.

ئەمە لەکاتێکدا توێژەر باوەڕی نەگۆڕی بەوە هەیە، دەرکەوتنی دەیان شێوە داستانی تر بە هەمان ناوەوە لە گەورەیی و داهێنای ئەم شاعیرە مەزنەمان کەم ناکاتەوە، بگرە ئەم گەورەتر دەبێت.

خۆمان لەهەموو کەس شیاوترین قسە لەسەر شاکارە ئەدەبییەکانی خۆمان بکەین و خەسارناسی و بەها و ئاکسیۆلۆژیای دەقەکان دیاری بکەین.

ئەم هەوڵەی من هەنگاوێکە لەو بارەیەوە، زیاتر خۆمان بناسین و رەگەکانی نزیکبونەوەی شێوەزمانەکانی کوردی بەهێزتر بکەین، بەتایبەت لەنێوان هەورامی و کرمانجیدا، چون ئەمە گرنگە ، لەجوگرافیای نێوان ئەم دوو شێوەزمانەدا کوردی ناوەڕاست هەیە، گرنگە ئەو رێگەی بەیەک

گەشتنانە بدۆزینەوە.

ئەمەی من کردومە تەنها ناساندنی دەقە هەورامییەکانە و هەوڵم داوە لەیەک چوەکان و جیاوازییەکانی لەگەڵ دەقە کرمانجیی و سۆرانییەکە بخەمە بەرچاو.

بابەتەکە بۆ هەموان جێگەی تێڕامان و لێوردبوونەوەیە، لەکوێوە ئەم داستانە گەشتە هەورامان؟ ئایا تاچەند ئەم داستانە بەگرنگ زانراوە کە وەربگێڕدرێت یان لەوێ بنوسرێتەوە، گرنگیی دەقەکەیە یان توانایی ئەو زمانەیە کە پێی نوسراوەتەوە؟

ناکرێت ئەدەبی زارەکی و پێگەی زمانی هەورامی نادیدە بگیرێت، هەورامییەکان لە کۆنترین نەتەوەکانن، لە چەرخی گەشەی شارستانیەتی خۆیان قۆناغگەلێکی جۆراوجۆریان تێپەڕاندووە و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی زۆریان ئەزموون کردووە، بەو پێیەی ئەدەبیاتی زارەکی هەر گەلێک لە ئەدەبیاتی نووسینەکیەکەی کۆنترە، کەوایە ئاساییە ئەدەبیاتی زارەکی هەورامیش لە ئەدەبیاتی نووسینەکەی کۆنتر بێت.

لە چاوپێخشاندنێکدا دەتوانین هۆنراوە زارەکی و فۆلکلۆرییە هەورامییەکان دابەش بکەین بۆ دوو جۆر:

- داستانی
- غەیری داستانی

هۆنراوەکانی کۆمەڵەی یەکەم کە ژمارەیان زیاترە لە جۆرەکانی دیکە، بەپێی رووداوەکانی مێژووی ناوچەکە، شەڕوناکۆکی نەتەوەیی و ئایینیەکان، هەڵگیرسانی شەڕ ، هەروەها چیرۆکە ئەوینییە بێ ئاکامەکان و دڵداریە سەرکێشییەکان نووسراون و بە شێوەیەکی گشتی پێیان دەوترێت بەیت.

ئەگەر سەرەنجی دێڕەکانی هۆنراوەی مەم و زین بە هەورامی بدەین، دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە شاعیری هەورامی زمان لە زۆربەی چیرۆکەکەدا تاڕادەیەک لایەنی گشتی پاراستووە و داستانەکەی بە مێشکە داهێنەرانەکەی خۆی داڕشتۆتەوە، ئەمەش ناکرێ نادیدە بگیرێت لە توانایی هێزی ئەو زمانە، کەوابوو، هەر نوسینێک دەرخەری توانای زمان و شوناس و دواتر جەدەلی نێوان زمان و شوناسە کە دەبێتە هۆکاری بەرهەمهێنانی کاری جوان و ناوازە.

ئەم جۆرە گێڕانەوانە داگری ئەو چیرۆکانەن کە هەڵگری واتاو ناوەڕۆکی ئوستووریی و حەماسین و لە گێڕانەوەکانی خۆیاندا ئاماژە بە زەمەنێکی نادیار دەکەن.

ئوستوورە، نهێنییەکانی پێشینانی ئێمەن، ئەو نهێنییانەی نەیانتوانیوە بەڕاشکاوی دەریبڕن. هەر ئەو نهێنییانە بوونەتە زمانی هێمایی بۆ دێو و درنج و بابەتی لەم چەشنە.

دنیای ئوستوورە پڕە لە ڕاستی. پڕە لە ئاوات و ئارەزوو و حەز. میرچا ئەلیادە دەڵێ: « ئوستوورە مێژوویەکی پیرۆز دەگێڕێتەوە.»

ئێسکیمۆییەکان بۆ سەلماندنی مێژووی پیرۆز و نەریتە ئایینییەکانی خۆیان دەڵێن: « ئاوایە، چونکە گوتراوە کە ئاوایە.».

ئوستوورەی خوداوەندی شەهید، یەکێکە لە ئوستوورە دیارەکانی گەلانی زاگرۆس و نێوان دوو ڕووبارە، ئوستوورەیەک کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شێوەی ژیانی خەڵکی ناوچەکە هەیەو گرنگترین ئوستوورەی ژیانی هیتیارییە. ئەم ئوستوورە لەگەڵ هیتیاری و چاندن و دروێنەوە پەیوەندی هەیە، ئوستوورەی ئیزەدی شەهیدکراو، ئوستوورەی ژیانی هیتیاریەو ئاوات و ئامانجی هەمیشەی هیتیار هاوڕێ بوونی زەوی و وەرزەکان لە گەڵ ئەو و باشبوونی بەروبوومەکەیەتی. بۆیە ڕێوڕەسمێک

لـە ژێر سـێبەری ئوسـتوورەیەکدا بەڕێوەدەبـا، بۆ ئـەوەی (ژن-خودا)ی زەوی لێیخۆشبێت و کشتوکاڵێکی بە پیتی بداتێ. واتە دواهەمین بەشی چیرۆکەکـە ئـەو چاوەڕوانییـەو ئەو ئومێدە نیشـان دەدات کە ئینسـان بە هۆی ئەوەوە ئوستوورەکەی خوڵقاندوە.

کۆن ترین بیچمی ئەم ئوسـتورەیە ئوستوورەیەکی مێزۆپۆتامیاییە، لەم ئوسـتوورەیەدا (ئینانـا) (ژن-خودا)وەندێکە کە عاشـق بە کوڕە شـوانێک دەبێـت بە نـاوی (دووموزی)، (دووموزی) مل بەو خۆشـەویسـتییە ناداتو (ئینانـا) بە تۆڵەی ئـەو نافەرمانییە کارێک دەکات دوموزی بکەوێتە دنیای ژێرزەوی یان دۆزەخ.

نموونەی هەرە بەرچاوی شـینگێڕی بۆ ئیزەدی گیایی، شینی سیاوەشە کـە لـە ئێرانـی پێش لە ئیسـلامدا بەڕێوە دەچوو لە هێندێ شـوێن وەکوو شـیراز تەنانەت تا سـەدەی بیسـتەمیش مابوو. ئەو ڕێوڕەسـمە ئەوەندە بەهێز بوو کە پاش زاڵ بوونی ئیسلامیش توانی خۆی رابگرێتو لە ڕێگای گۆڕانی ناوی پاڵەوانەکانەوە بە ژیانی خۆی درێژە بدات. شینی سیاوەش بە زۆربەی تایبەتمەندیەکانیەوەو زۆرینەی سەمبولەکانیەوە لە ژێر ناوی عاشـوورای حوسـێنیدا دیسان بەهەمان هێزی پێشوویەوە سەری هەڵێناو ئێستاکەش هەر ساڵ لە ناو شیعەکاندا بە تینێکی تایبەتەوە بەرێوە دەچێت. لێوردبوونـەوە لـە سـەر ئـالاو بەیداخەکانی رۆژی عاشـوورا کـە پڕن لە نیشانەکانی ڕێورەسمێکی وەرزێری( وەکوو درەختی سەرو، گیاو باڵندەو هتد) سـەلمێنەری ئەو ڕاسـتیەیە کە عاشـوورای حوسـێنی درێژەدراوی شینی سیاوەشەو یەکبونی و یەکسانی ئەم دوو ئایینە دەخاتە بەرچاو.

شـینی سـیاوەش و شـینی مـەم، دوو ڕێورەسـمی هاوتەریبـو دوو گێڕانەوەی یەک دابن.

لە داسـتانی مەموزیندا ئەو بەشـە گۆڕاوە بەڵام هەر لەو مووتیڤە دەیان

چیرۆکی سەربەخۆو جوراوجۆر سەری هەڵێناوە تا رادەیەک کە رەوتی خۆشەویستی نێوان شوانو کچە ئەمیر یان کچەخان بووە بە ناوەڕۆکی بەشێکی زۆر لە بەیتو چیرۆکە کوردییەکان بۆ هەموان ناسراوو ئاشنایە.

ئەم شینگێڕییە پێی دەوترێت چەمەری، چەمەری شێوازێکی مۆسیقای شین گێڕیَ کە لە ناوچەکانی سەر بە زاگرۆس دا وەک لۆرستان و ئیلام و کرماشان ئێستاش هەر باوە و بۆ لە دەست دانی ئازیزان بە دەهۆڵ ۆ زورنا لێدەدریَ ..

لە هەوراماندا هەمان مەراسیمی چەمەری هەیە و پێی دەوترێت کۆتەڵ ، لەکاتی مردنی کەسێکی ناوداردا ئەم مەراسیمە سازکراوە، ریپێوانێکی هونەریانەی سەیرە، بەشداران لە کۆتەڵدا دەبنە چەند ریزێک، ئەوانەی دەکەونە پێشەوە ئەوانەن کە جلی رەشیان لەبەردایە یان پەڕۆی رەشیان کردوەتە ملیان، لەناوەڕاستدا داهۆڵی مردوەکە دروستکراوەو جلەکانی کراونەتە بەر داهۆڵەکە لەگەڵ بەشێک لە کەلوپەلەکانی وەک تفەنق و کولەباڵ و تەسبیحەکانی و سواری ئەسپەکە کراوە، ریزی تفەنگچییەکانی کەسە ناودارەکە ئەملاو ئەولای ئەسپەکەیان گرتووە، کاروانی کۆتەڵچییەکان قوڕیان گرتووەتە سەریان، یا سەرشانەکانیان قوڕاوی کردووە، ئەوانەی تفەنگیان هەبووە لولەی تفەنگەکانیان بەرەو خوارەوە بووە.

**هەولێر**

**٢٠/٢/٢٠٢٠**

## ئەم توێژینەوە بۆ؟

بەمەبەستی زیاتر تێگەشتن لەوەی ئایا مەم و زین چۆن گەشتوەتە هەورامان و شێوازەکانی ئەو سنوور بڕینە چۆن دروست بوون، ریشەکانی ئەم داستانە لەکوێدان و چۆن لەگەڵ ئوستورە زاگرۆسییەکاندا یەک دەگرێتەوە.
لەم سۆنگەیەوە هەوڵماندداوە کۆمەڵێک پرسیاری جدی بوروژێنین و زۆر دەلاقەی دیکە بکەینەوە، قسەکردن لەسەر زۆر بابەتی جدی، لەوانەش چیرۆکی خواوەندی شەهید کە کەمتر زانیاری لەسەری هەیە و کەمترین باسی لێکراوە.
بوونی چەند نموونەیەکی تر لە مە و زین لەناوچە جیاوازەکاندا، ئەمە بۆخۆی گفتووگۆیەکی گرنگ بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەتایبەت بوونی سێ بەیتی مەموو زین لەناو ئێزیدییەکاندا، جگە لەو بەیتەی موکریان کە ئۆسکارمان لەسەر زاری رەحمان بەکر کۆی کردوەتەوە، مەموزینێکی دیکە هەیە بەناوی مەموزینی رەواندز.
ئەمە سەرباری دوو نوسخەی دەستنووسی ئەم داستانە بە زمانی هەورامی، یەکەمیان لای بەڕێز کەیومەرسی نیک رەفتار کە ساڵی ٢٠١٣ لەکتێبێکدا بەناوی کەشکۆڵ لەگەڵ چەند داستانێکی تردا ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد لە سلێمانی چاپی کردووە، داستانێکی تر هەیەبەهەمان شێوە و لەنێو مۆزەخانەی دەستنووسەکانی بەرلین دۆزراوەتەوە و هەندێک لەسۆشیال میدیادا وەک داستانی مەمی ئالان بە هەورامی ناساندوویانە.
بابەتێکی گرنگ کە لەم کتێبەدا ئاوڕی لێدراوەتەوە قسەکردنە لە زمان و شوناس و جەدەلی زمان و شوناس، ئەمە جگە لە بەراورد

و دۆزینـەوەی خاڵـە جیاوازەکانـی دەقەکـەی خانـی و دەقەکانـی ئـەم داسـتانە لەنـاو ئێزیدیانـدا، هەروەهـا جیـاوازی دەقەکـەی رەحمـان بەکر و مـەم و زینـی خانـی، دواجـار بـەراوردی دەقـە هەورامییەکـە لەگـەڵ ئـەوەی خانیـدا.

## گرنگی توێژینەوەکە

گرنگـی توێژینەوەکە لەوەدایـە توێـژەر هەوڵـی داوە ئـەوەی لەبەردەسـتا هەیـە سـەبارەت بـەم داسـتانە بخرێتـە بـەردەم خوێنـەر، چونکـە ناسـینی ئـەم داسـتانە پێویسـتی بـە ریشـەناسـی خـودی داسـتانەکە هەیـە، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی بەداخـەوە کەمتـری توێـژەران شـارەزای زمانـی هەورامیـن و کەمترین ئاوڕیشـی لێدراوەتـەوە لە ناوەنـدە ئەکادیمییەکاندا، بۆیـە لای زۆرێـک لەشـارەزایانی بوارەکـە شـتێکی نامـۆ بـوو.

گرنگـی ئـەم بابەتـە بـەلای توێـژەوەوە لەوەدایـە دەروازەیەکـی نـوێ بـەڕوی مـەم و زینـدا دەکاتـەوە و پرسـیاری نـوێ دەوروژێنێـت، لەتـاک جەمسـەری ئـەم داسـتانەوە بـۆ فـرە جەمسـەری و بەربڵاوییەکمـان دەبـات، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی هـاوکات لەگـەڵ رێنوسـی نوێـی داسـتانەکە بەهەورامـی، لاپـەڕەی دەسـتنوسـەکانیش بڵاودەکرێنـەوە و بەمـەش دەسـتنوسـەکەش لەفەوتـان دەپارێزرێـت.

## گرفتی توێژینەوە

هەر کارێکی زانستی بۆخۆی کێشەو گرفتی دێتە پێش، لەم کارەدا وەک مامۆستا کەیومەرس دەڵێت: «نەمانی چەند لاپەڕەیەکی یەکەم و کۆتایی گرفتی سەرەکی بوون، چونکە لە دەستنووسەکاندا لە سەرەتاو کۆتاییدا بەپێی لێکدانەوەی پیتەکان یان بەنووسینی راستەوخۆ ساڵی نووسین و ناوی نووسەر دەنوسرێت و نەبوونی ئەم لاپەڕانە ئەم کێشەیە دروست دەکات». بەڵام لەوەی دووەمدا ئەم کێشەیەمان نابێت

کاتێک سەرقاڵی کارکردن بووم لەم دوو دەستنووسە،مەم و زین بەهەورامی و شێخی سەنعان بە هەورامی، لەدهۆک کۆڕێکم سازدا، زیاتر بەهەورامی لەبارەی بابەتەکەوە دوام، دوای کۆڕەکە بەڕێزێک هەستایەوە گوتی ئەمە ئەسڵی نییەو قسەیەکی زارەکی سەر زمانی خەڵکە، کاتێ لێم پرسی ئایا هیچی لێ تێگەشتی؟ گوتی نا، بەڵام ئەو دوو داستانەی تۆ باسیان دەکەیت جگە لە خانی و فەقێ تەیران کەس خاوەنیان نییە!!!!

گرفتی کەمی سەرچاوە بە هەورامی لەسەر ئەم بابەتە وایکرد پەنا بۆ داستانە هاو ناوەکانی مەم و زین ببەم لە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا تا بەسەرەداوێک بگەم لەوەی مەم و زین ئایا بە هەورامی نووسراوەتەوە یان وەرگێڕدراوە؟ کێن ئەوانەی لەهەوراماندا شارەزایی شێوەزاری کرمانجی سەروون؟ بۆئەمە دیسان دەبێت بگەڕێینەوە بۆ خەزێنەی پڕ لە زانیاری نێو دەفتەرەکانی یارسان تا ئاسانکاریمان بۆ بکات، چوونکە لە قۆناغی درەوشانەوەو گەشەی ئەم ئاینەدا دەیان کەس لە سنوورەکانی کرمانجی سەرووەوە هاتنە

هەورامــان و بونەتــە سەرسـپەردەی شــای هەورامــان، ئەمــە خاڵێکــی گرنگــە بەوەمــان بگەیەنێــت کــە گریمانــی ئــەوە بکرێــت ئــەم بەرێزانــە ئــەو شــاکارەیان گەیاندبێتــە هەورامــان و لــەوێ وەرگێڕدرابێــت یــان داڕێژرابێتەوە،بــۆ زیاتــر زانیــاری کتێبــی ( پەیڕەوکارانــی یارســان لەکرمانجــی ســەرودا، نوســینی نامــق هەورامــی.

## مەم و زین

ئــەوەی تــا ئێسـتا زانـراوەو بیسـتراوە مـەم و زیـن شـاکاری شـاعیری گــەورە ئەحمــەدی خانییــە، ١٦٥٠ بــۆ ١٧٠٨، خانــی ئــەم داســتانەی بــە مەمــی ئالانیــش ناســراوە.[١]

مــەم و زیــن چیرۆکێکــی دڵدارانــەی راســتەقینەیە کــە دوو ســەد ســاڵ پێش ئەحمەدی خانی لە ناوچەی جزیرێ بۆتان ی کوردستانی تورکیە روویــداوە [٢] و دەنگبێــژان ئــەو چیرۆکەیــان لــە قاڵبــی ئــاواز و حەیــران گوتــووە و ســینگ بــە ســینگ پاراســتویانە تــا گەیشــتۆتە ســەردەمی خانــی و ئەویــش لــە ســاڵی١٦٩٢ لەســەر بنەمــای چیرۆکێکــی ڕاســتیدا بــە شـێوەزاری کرمانجـی کردوویەتـی بـە مەسـنەوییەکی بەنـرخ و درێـژ. خانی روداوەکانی ناو داستانەکەی سەر لەنوێ بەزیاتر لە (٢٥٥٠) دێر هۆنـراوە داڕشـتەوە. مـەم و زینـی ئەحمـەدی خانـی یەکێـک لـە بەرهەمـە گرینگەکانــی وێــژەی کلاســیکی زمانــی کوردییــە، دەســپێکردنی یەکــەم

١ – ئەحمـەدێ خانیـێ نەمـر، سـادق بەهادیـن ئامێـدی، گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری کـورد، ژمـارە ٢، بەشـی یەکـەم، بەغـدا ١٩٧٤، ل ٧٦٩

٢ – اسـماعیل شـمس، فولکلـور و تاریـخ کـرد، نشـر: مجمـع ذخائـر اسـلامی، ٢٠١٥ ایـران- قم، ص١٧٤

روداوی داستانەکە بە نەورۆز و ئەو وەسفانەی خانی بۆ نەورۆزی کردووە کارێکی گەورەیە، خانی دەیەوێ وەک ئەوەی مەم و زین بۆ خەڵک بژێنێتەوە خەڵکی بە نەمر سەیری داستانەکەی بکەن، ئاوا نەورۆز و دابی نەورۆز بۆ خەڵکی تۆمار بکات و بەنەوەکانی دوای خۆی بڵێ باوانی ئێوە بەم شێوەیە نەورۆزیان دەکرد[1].

## پوختەی چیرۆک

زینەدین، میری بۆتان، دوو خوشکی هەیە بە ناوەکانی «زین» و (ستی) (Sitî) کە لە جوانیدا بەناوبانگن. (تاجدین) یەکێک لە پیاوانی ژێردەستی میرە کە زۆر لایدا خۆشەویستە. تاجدین برادەرێکی هەیە کە لە برا نزیکترە پێی و ناوی (مەم)ە. ئێوارەیەکی نەورۆز کە هەموو خەڵکی گوندەکە لە دەرن و خەریکی جەژن و گۆڤەندن مەم و تاجدین جلی کچانە لەبەر دەکەن.

تاجدین و مەم دەیانەوێ پێکەوە برۆنە داوای ستی و زین، بەڵام پێیان دەڵێن کە بەیەک جار دوو کچی ماڵێ بە شوو نادرێن. مەم و تاجدین بڕیار دەدەن کە سەرەتا تاجدین بڕواتە خوازبێنیی و پاشان مەم. میری بۆتان لە خوازبێنیی تاجدین خۆشحاڵ دەبێ و ستی و تاجدین زەماوەند دەکەن.

دوای دەمێک رۆژێک میر دەچێ بۆ ڕاو و بە هەموو خەڵکی گوندەکە

---

٢ - سەنگەر قادر شێخ محەمەد، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی ( مەم و زین) ی ئەحمەدی خانی و رۆمانی ( شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلیدا ، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی لە دهۆک ٢٠٠٩، لا ١٦٣

دەڵێ لەگەڵیدا بێنە دەرەوە. مەم و زینیش کە ماوەیەکە لە یەک دوور کەوتوون و لە عیشقی یەکدا دەسووتێن، لە باخی میردا یەکتر دەبینن. ئێوارە کە میر و ڕاوکەران دێنەوە، بەسەریاندا دێن، کە بە هێژایی تاجدینەوە، میر ئاگادار نابێ. بەڵام پاش ماوەیەک «بەکۆ» (بەکر) وەزیری زاڵم و دڵپیسی میر، ڕازەکە لای میر ئاشکرا دەکات.

ماوەیەک مەم لە گرتووخانە دەبێ. تاجدین و براکانی بۆ شفاعەت دەچن بۆ لای میر.

بەڵام پێش ئەوەی هەواڵی بەخشینی میر بگات بە مەم، بەکۆ ژاراوی پێدەدات. کاتێک زین هەواڵەکە دێنێت بۆ مەم، مەم گیانی تیا نەماوە.

مەم ئەوەندە نامێنێت و لە ئامێزی زیندا دەمرێ. زین بەزەیی بە بەکۆدا دێ و ئازادی دەکات. زین لە شینی مەمدا خۆی دەکوژێ و تاجدینیش بەکۆ دەکوژێ. مەم و زین لەپاڵ یەکدا و بەکۆش لە خواری ئەواندا دەنێژن.

## ڕوخساری مەم و زین

• ئەحمەدی خانی زۆرینەی مەم و زینی بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو شێوەزاری بۆتانی نووسیوە گەر چی هەوڵی ئەوەی داوە شێوەزاری تری زمانی کوردی بەکاربهێنێت

• خانی لە مەم و زیندا کێشی عەرووزی عەرەبی بەکارهێناوە

• جگە لە کوردی گەلێ وشەی بیانی لەزمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی بەکارهێناوە.

• خانی لە یەکیەتی هۆنراوەوە لایداوە و هاتۆتە سەر قافیەی دێری مەسنەوێ یاخود جووت سەروا، کە پێشتر لە داستانە فارسیەکاندا بەکارهاتوە.

## خانی لەمەم و زیندا

- لەسەرەتادا بە ستایشی خودا و پێغەمبەر دەستی پێکردووە
- خانی لە مەم و زیندا خۆی وەک فەیلەسووفێکدا دەنووێنێت ئەویش بە شیکردنەوەو جیاوزی کردنی لە فەلسەفەی ئیسلامی و یۆنانی
- خانی لە مەم و زیندا هانی کوردی داوە بۆ بەرەنگاربوونەوە دژ بە داگیرکەران
- خانی مەم و زینی کردۆتە دوو عاشقی خواناس، وای داناوە ئەوان گەیشتوونە پلەی فەنا بوون.
- خانی ویستی بووە کە بیرو رای خۆی دەرببڕێت

وەکو چۆن دەڵێت: **شەرحا غەمێ دل بکەم فەسانە**
**زین و مەمێ بکەم بەهانە.**

ئەو بەرهەمە یەکەم جار بەکوردی ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەمبول لە چاپ دراوە و بە زۆربەی زمانە زیندووکانی دنیا وەکووئینگلیزی،فەرەنسی، رووسی، ئەڵمانی و عەرەبی و زۆر زمانی تر وەرگێڕدراوە، مامۆستا هەژاریش کردویەتی بە کوردی ناوەڕاست، بەلام پێش هەژار ، دەقی مەم و زین سەرەتا لەلایەن مامۆستا عوبەیدوڵلای ئەیوبیانەوە لە لاتینییەوە وەرگێڕدراوە بۆ کوردی موکریانی،لە بلاڤۆکی زانکۆی ئەدەبیاتی تەورێز ساڵی ١٣٤٠- ١٣٤١ هەتاوی بەچاپ گەشت.[١] لەو دەمەدا کە خانی مەم و زینی نوسییەوە نووسین بەکوردی کەم بوو، لەو سەر و بەندەدا فارسی

١- قادر فەتاحی قازی، سێ بەیتی فۆلکلۆریک» مەم و زین، خەج و سیامەند، ئەحمەدی شەنگ»، دەزگای چاپ و بلاوکراوەی ئاراس -ژمارە ٩١٣، هەولێر ٢٠٠٩، ل ٧

نەک وەک زمانی هەرە دەوڵەمەند بۆ دەربڕینی ئەدەبی دادەندرا، چونکە زۆر خەڵکی خوێندەوار لە ئیمپراتۆری عوسمانی دا دەیانتوانی ئەو زمانە بخوێننەوە، هەر وەها لە هیندووستان و ئێرانیش. ئەحمەدی خانی دەبێ زانیبێتی کە بڕیار دانی بۆ بە کوردی نووسین لە جیاتی فارسی بەو مانایە دەبێت قەت خوێنەرو وبیسەری ئەوەندەزۆرنابێ و خوێنەرەوەکانی هەر کوردەکان دەبن ، خانی بە زانایی زمانی کوردی هەڵبژارد بۆ ئەوەی پلەی کولتووری کوردی لە چاوی دراوسێیەکانی کوردەکاندا بەرەو ژوور بەرێ، بە قسەی خۆی:

**دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد**
**بێ مەعریفەتن، بێ ئەسڵ و بنیاد**
**ئەنواعی میلەل خودان کتێبن**
**کورمانج تەنێ د بێ حەسێبن**

شاعیر و ڕۆشنبیری گەورەی کورد خانی ناوی ئەحمەد بووە، کوری ئەلیاس کوڕی ڕۆستەم نازناوی شیعری لە هۆزی خانیان وەرگرتووە، بەشێکی ئەم هۆزە لە دەوروبەری ناوچەی بۆتان بوون، بەڵام بنەماڵەی شاعیر باریان کردووە بۆ شاری بایەزیدبایەزید.

ئەحمەدی خانی لە ساڵی ١٦٥٠ لە شاری بایەزید لە دایک بووە، وەک لە سەرچاوەکانی ژیانی و کردەوە ئەدەبییەکانی شاعیر دەردەکەوێ باب و باپیرانی لە رووی داراییەوە ژیانیان ئاسان بووە و بە بەختیاری ژیاون.[١] ئەحمەدی خانی هەموو ژیانی بۆ خوێندەواری و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی سیاسی خەرج کردووە لە

---

١- دور العلماء الكورد في الدولة العثمانية القرنان السادس عشر و السابع عشر، نازدار جليل مصطفى ، من مطبوعات الاكاديمية الكوردية ، مطبعة الحج هاشم، اربيل ٢٠١٢، ص ٣٨

کۆمەڵــی کوردەواریــدا. ئەمــە دوو لایەنــی رووناکــی بــووە، یەکەمیــان بەرهــەم هێنانی داهێنانی ئەدەبی، واتــە شــیعری، دووەمیــان فێرکــردن و پێگەیاندنی منداڵان و لاوی کــورد لــە رووی خوێندەوارییەوە.شــاعیر لــە مەڵبەنــدی لــە دایکبوونــی، شــاری بایەزیــد، لەســاڵی ١٧٠٧ کۆچــی دوایــی کــردووە و هــەر لەوێــش نێــژراوە، ئــەو زانیارییانــەی لــە نــاوەوەن ئــەم مێژووە راســت دەزانــن، جگــە لەمــە بەڵگەیێکــی تریشــمان بەدەســتەوەیە، پشــتگیری ئــەم رایــە دەکا ئەویــش رســتەی عەرەبــی (طــار خانــی الــی وبــە) کــە بــۆ مردنــی شــاعیر دانــراوە بــە حســێبی ئەبجــەد دەکاتــە ســاڵی (١١١٩)، ئــەم ســاڵە بەرامبــەر بــە ســاڵی ١٧٠٧ی مەســیحییە و راســتتر کەوتۆتــە نێــوان هــەردوو ســاڵی ١٧٠٧ و ١٧٠٨ی مەســیحییەوە. [١]

ئەحمــەدی خانــی یەکــەم شــاعیرە کــە گلەیــی لەســەرۆک هۆزەکانــی کــورد دەکات لەبەرامبــەر یەکنەگرتنیــان و پشتبەســتنیان بەنەیارانــی گەلــی کــورد ئــەو وتوویەتــی:

**گــەر دێ هەبــوا مــە ئیتیفاقــەک**
**ڤێگــرا بکــرا مــە ئینقیــادەک**
**روم و عــەرەب و عەجــەم تەمامــی**
**هەمیــا ژ مــە تــا دکــر غولامــی**
**تەکمیــل دکــر مــە دیــن و دەولــەت**
**تەحلیــل دکــر مــە عیلــم و حیکمــەت**

١- ئەحمــەدێ خانــی، مــەم و زیــن، دانەیــا عەزیــزێ کــوڕێ شــیرباریێ مامزێــدی ئــەوا ل ســالا ١١٦٥ کۆچــی هاتییــە نڤیســین، بەرهەڤکــرن: تەحســین ئیبراهیــم دوســکی، دهۆک: ســپیرێز، ٢٠٠٨.

ئەحمەدی خانی، گرنگییەکی زۆری بەزمانی کوردی داوەو کاتێک بەزمانی کوردی شیعری نووسیەوە، تەنها هەربۆ ئەوە نەبووە کە بەو زمانە بنووسێت، بەڵکو بەکوردیی نووسینی وەکو هەڵوێستێک بووە لەدژی دەسەڵاتداران، هاوکات وەکو ڕەخنەیەکیش لەکوردەکان بەکاریهێناوە، چونکە خانی پێیوابووە کە زوو خۆیان دەدەنە دەست ئاغاو دەسەڵاتدارە بێگانەکان.

**بەرهەمەکانی:**

عەقیدەیا ئیمانێ، بەپەخشان و هۆنراوە سەبارەت بەپێنج کۆڵەکەی ئیمان لەئیسلامدا نووسراوە. ساڵی ۲۰۰۰ لەسوید چاپکراوە.

نووبەهارا بچووکان، ۱٦۸۳، فەرهەنگۆکێکی عەرەبی کوردی کە بەشیعر، بۆ منداڵانی کوردی داناوە کە فێری زمانی عەرەبی ببن کە ئەو سەردەمە زمانی دین و زانست بووە. یەکەمجار لەساڵی ۱۹۲٦ لەرەواندز چاپکراوە.

مەم و زین، ساڵی ۱٦۹۲، یەکەمجار لەساڵی ۱۹۱۹ لەئەستەنبول چاپکراوە.[1]

---

۱- احمد خانی، مم و زین، استانبول: نجم استقبال مطبعەسی، ۱۹۱۹.

## مەم و زین ی ئێزیدی

چیرۆک و سترانی مەم و زین یان مەمی ئالان کە لەهەندێ ناوچەدا بەیتی مەم و زینی پێدەگوترێت ، لە زۆر دەڤەری کوردستان هەیە و بە گەلێک شێواز تۆمارکراوە. ئەم دەقەکاندانەی لەناوچەکانی ئێزیدییەکاندا هەیە لە باشووری کوردستان (شێخان، شنگال، خەتارێ) ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە ئێزدی چەند بایەخیان بەو سێ بەیتە داوە. دیارە دەقەکان لای ئەوانیش جیاوازیان هەیەم لەم پاژەدا هەوڵەدەم جیاوازییەکان بخەمە روو. چونکە هەرسێ ناوچەی (دەڤەری شێخان، دەڤەری شنگالێ، گوندێ خەتارێ ) سێ قەزای ئێزیدی نشینن لە پانیشتی کوردستان[1].

١- ناوی باوکی مەم لە هەموو دەقەکاندا میر ئالە، لێ ناوی هەردوو براکەی چین؟

- لە دەقی شێخانێ، ناوی مامەکانی مەمی ئالان عەلی پاشا، سلێمان پاشایە.

- لە دەقی شنگالێ، میر ئیسکی خان و میر ئۆسمان خانە.

- لە دەقی خەتارێ، تەمەر خان و ئاڤدەل خانە.

٢- تەمەنی باب و مامەکانی مەم (مەمی ئالان) چەندە؟ هەر سێ دەق دەڵێن باوکی مەم (ئال پاشا) برایێ بچوک بوو.

- لە دەقی شێخان، گەورەکەیان تەمەنی (٩٠) ساڵ و ناوەنجیەکەیان

---

١ - داود مراد خەتاری، مەم و زین (سێ ڤەرسیون ژ دەڤەرێن ئێزیدیان)، ئەنستیتویا کەلەپوورێ کوردی، چاپخانەی کارۆ ،سلێمانی ٢٠١١، ص١٢

(٨٥) ساڵ بچوکەکەش باوکی مەم (٧٥) ساڵ بوو.

- لە دەقی شنگالێ، یێ مەزن تەمەنێ وی (٧٠) ساڵ و یێ ناڤی (٦٠) ساڵ و ئەوی بچوک باوکی مەم (٥٠) ساڵ بوو.

- لە دەقەری خەتارێ ، دەڵێت هەر سێ برا تەمەنیان گەورەیە و هەتا ئێستا خودا کوڕی نەداونەتێ.

٣- جۆری دەسەڵاتداری لە شاری موخرزەمین، بە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا چی دەگوترا؟

- لە دەڤەری شێخان دەگوترا پاشا.

- لە دەقی شنگالێ (میر و خان).

- لە دەقی خەتارێ (خان).

٤- کێ چوو مەلەکڤان، کچی میر سلێمانێ قورەیشی، خواست بۆ میر ئالی؟

- لە دەقی شێخان، سێ کۆتر هاتن، بەهەر سێ براکەیان گوت: بچن مەلەکڤان بخوازن بۆ میر ئالی. ئیدی هەر سێ برا چوون مەلەکڤان بخوازن.

- لە دەڤەری شنگال و لە دەڤەری خەتارێ، میر عەمەر میرەکی تەرەف بەگیانە، چوو مەلەکڤان بخوازێت بۆ میر ئالی.

٥- مەلەکڤانی دایکی مەم، کچی میر سلێمانە یان خوشکی ؟

- لە دەقی شێخانێ، مەلەکڤان خوشکی میر سلێمانە.

- لە دەقی شنگالێ، مەلەکڤان کچی میر سلێمانە.

- لە دەقی خەتارێ، ئەمە باس نەکراوە، میر سلێمان دەڵێت: من داوە مەلەکڤانە.

٦- میر سلێمان چی دەڵێت لەبارەی مارەیی مەلەکڤان ؟

- لە دەقی شێخانێ، هیچ نەگوتراوە.

- لە دەقی شنگالێ ، دوانزە قورۆش ونیو.

- لە دەقی خەتاریٚ ،حەوت قورِوش و نیو.

٧- بنەماڵەی باوکی مەلەکڤان میر سلیٚمانیٚ قورەیشی لە کویٚ بوون؟

- لە دەقی شیٚخانیٚ، بنەماڵەی باوکی مەلەکڤان لە گەڕەکیٚک لە گەڕەکەکانی شاری موخرزەمینیٚ.

- لە دەقی شنگالیٚ، لەشاری موخرزەمین ماوەی سیٚ شەو و سیٚ رۆژ دووربوو.

قۆناغا سیٚ شەڤ و سیٚ رۆژانە
ب قەوەتا خودیٚ رەبیٚ رەحمانە
هاژۆتبوو ریٚیا سیٚ سەعەتانە
گەهشتنە پشتا بەحریٚت دنیانە
پەیابوو دەریٚ مالا میر سلیٚمانە

- لە دەقی خەتاریٚ:

بچنە پشت بەحریٚن بنیانە
بچینە مالا میر سلیٚمانە
بۆ تە ژیٚ بخوازین سۆزا مەلەکڤانە
ئەو ژ ئەسلیٚ وە قورشیانە

٨- چۆن لەتەمەنی گەورەساڵیدا میر ئالا خودا مەمی پیٚ بەخشی؟

- لە دەقی شنگال و خەتاریٚ: چونکە میر ئالا تەمەنی زۆر بوو، زەمین جوبرائیل سیٚویٚکی دایە و پیٚی گوت نیوەی بخۆو نیوەکەی تری بدە مەلەکڤان .

- لە دەقی شیٚخان ئەمە باس نەکراوە.

٩- مەم چەند مانگ لە سکی دایکیدا مایەوەو دواتر خودا هیٚنایە دنیاوە؟

- لە دەقی شیٚخانیٚ، نۆ مانگ و نۆ سەعات و نۆ دەقیقە.

- لە دەقی شنگالیٚ، حەوت مانگ.

- لە دەقی خەتاریێ، نۆ مانگ.

١٠- کێ زینی هێنایە باوەشی مەم خەواندی؟

- لە دەقی شێخانێ، خدر ئەلیاس و خدر نەبی، زینیان بەشەودا هێنا لە باوەشی مەم دا خەواندی.

- لە دەقی شنگالێ، سێ کۆتر (شالولڤان و بێزارڤان و قەمەرڤان) دووعایان لای خودا کرد و چون زینیان لە جزیری بۆتان هێنا بۆلای مەم

- لە دەقی خەتاریێ، ئەمین جبرائیل زینیان بەشەودا هێنا لە باوەشی مەم دا خەواندی.

١١- شاری (موخرزەمین) چی تێدایە؟

- لەدەقی شێخانێ، (٧٥) منارە، هەر منارەیەک حوکم دکات لە سەر ٣٦٦ ماڵدا.

- لەدەقی شنگالێ، (٧) چیا، ٣٦٦ بورجی دیارو بەرچاو.

- لەدەقی خەتاریێ، لە بنەوەی شاری موخرزەمین، حەوت ئاشی باوکی مەم هەن کە بە شەو و رۆژ کار دەکەن.

١٢- شاری باوکی زین چی تێدایە؟

- لەدەقی شێخانێ، حەوت بورج.

- لەدەقی شنگالێ، دە بورج.

- لەدەقی خەتاریێ، شاری باوکی زین خۆرستانە، هەر بەرەکی سۆرە ئێکی شینە.

١٣- کارەکەر (خودامین) زین کێن؟

- لەدەقی شێخانێ، سێ کارەکەر هەبوون ( گولێ، رەوشێ، بەسێ)

- لەدەقی شنگالێ، دوو کارەکەری هەبوون ( گولێ، پەری)

١٤- مەم چەند خولامی هەبوون و ناویان چییە؟

- لەدەقی شێخانێ، چل خولامی هەبوون، سەرۆکی ئەوان ناوی (مەمۆی خولام) بوو.

- لەدەقی شنگالیٚ، سێ خولامی هەبوون (مەمۆ، بەدر، بەدی).
- لەدەقی خەتاریٚ، ژمارەیان باس نەکراوە، تەنیا دەڵێت کە مەم بانگی خولامەکانی دەکرد ئامادە دەبوون.
١٥- ئال پاشا دەیویست بزانێت ئەگەری دەردی کوڕەکەی (مەم)ی چییە؟
- لە دەقی شێخانیٚ، ئال پاشا سەرگەورەی دوانزە هۆز کۆدەکاتەوە تا بزانێت، دەردی کوڕەکەی (مەم)ی چییە؟

**چقاس رەملدارێن دوانزدە ئێلێن**
**تەمام بجڤیێن ل هێرە**
**رەملدارەک دبێژت:**
**ب وی کەم ئیلاهیە**
**زانینا من ژ رەملیٚ زانیە**
**مەمیٚ تە نە تاوی یە نە باوی یە**
**هاوار خودیٚ تیرەکە ئەڤینیٚ**
**ب دلیٚ وی کەفتیە**

- لە دەقی شنگالیٚ، باوکی مەم گوتی بە دانا و ئاقڵەکان : پێویستە مەسەلەی مەمۆ بزانن، چۆن و بە چ ڕێگەیەک چارەسەر دەکرێت.
هەموو گوتیان : تیری ئەویناری دڵیٚ مەم ی پێکاوە دای.
میر ئالا گوتی: تیری ئەویناری چییە؟
زاناکان گوتیان: عەشق و ئەوین دڵی بردوە بزانە شەو خەوی بە چ کچێکی جوانەوە دیوە.
- لە دەقی خەتاریٚ، عارفێک دەڵێتە ئال پاشا:

**ئال پاشا مەمیٚ تەیێ دەلال**
**نەی تاوی یە، نەی باوی یە**
**نەی بئێشە نەی برسی یە**

**تیرا ئەویندارێ دلێ مەمێ تە گرتییە**

١٦- کێ ئاگاداری خەڵکی کرد تا تەواوی کچانی شاری موخرزەمین بێنە باغی سەیران؟

- لە دەقی شێخانێ:

**هەر کەسێ قەدرێ من تێ ببینت.**

**دەریێن سووک و دکانێن**

**باژارێ موخورزەمینێ بێ خودان بهێلن**

**کەچێن بەگان و عەیانا هەتا بێن شڤان و گاڤانا**

**راتب و رهێلێن ب دلێن خۆ هلینن**

**بچنە کۆچکا ناڤ رەزی**

**ل بەر مەمێ شرین بسەکنینن**

**بەلکی مەمێ من ئێکێ ژ هەمووا بهلینە**

- لە دەقی شنگالێ، میر ئال تەواوی کچانی شاری موخرزەمینی ئاگادارکردن کە سبەینێ هەمویان لە دیوەخان ئامادە بن.

- لە دەقی خەتارێ، گزیریان بەردایە ناوشارو هاواری دەکرد : هەموو کچانی شار بێنە باغی سەیران.

١٧- کاتێک مەم لەسەر داوای باوکی چویە باغی سەیران،تا کچێک لەوانە بۆخۆی هەڵبژێرێت، کچێک گوتی....

- لە دەقی شێخان:

**تەورێز و خۆش تەورێز**

**چقاس قیزێن باژارێ موخورزەمینێ بوونە رێز**

**کەرەمکە ئێکێ ژ هەمووان ژ خۆ را ڤەگوهێز**

**کچێکی دیکە گوتی:**

**مەمۆ سەرێ خۆ هلینە**

**قیزێن باژارێ موخورزەمینا گران د جەماندینە**

**کەرەمکە ئێکێ ژ هەمووان ژ خۆ را هلینە**
**- لە دەقی خەتارێ، کچێکی شارەزا لەناو کچەکاندا بوو گوتی:**
**ئەرێ مەمۆ توو سەرێ خۆ هلینە**
**مانە ئەم سێسەد و شێست و شەش قیزێت خەملاندینە**
**ئێکێ ژ هەمووکا ب خۆ ژ ناڤ بنەقینە**
**- لە دەقی شنگالێ:**
**ئەرێ مەمۆ ئەم (٣٦٦) زەرییێت خەملاندینە**
**مەمۆ لاوۆ چاڤا ڤەکە، سەرێ خۆ بهەلینە**
**ژ ڤان (٣٦٦) زەریا ئێکێ ژ خۆ را بنەقینە**
١٨- مەم بەمجۆرە وەڵامی دایەوە:
- لە دەقی شێخان:
**یا قیزا قەنج**
**بابێ من چەندی دینە**
**یا من دڤێت خاتوون زینە**
**کیژا میر زێندینە**
**خوشکا میر سێڤدینە**
**دۆتمانا چەکان و عەفان**
**بالتیسکا قەرە تاژدینە**
**د بەرکرنا وێ**
**دەلق و بەردەلقێن زێرینە**
**هینجی چاڤێن خۆ دگێرینم**
**ئێکە ب کێر جێریاتیا وێ بێ**
**د ناڤا دا نینە**
**- لە دەقی خەتارێ:**
**ئەرێ بتێ دینێ**

**ب خودێ یا ئەز لێ دگەرێم ل ناڤ وە دا نینە**
**یا لێ دگەریم زینا خاتوون زینە**
**خودانا دەلق و دامانێت زێرینە**
**کیژا میر سێڤدینە**
**خوشکا میر سلێمانە**
**دۆتماما چەکانی و عەفانی و قەرەتاژدینە.**
**باژێرێ بابێ وێ باژێرێ خۆرستانێ**
**نیشانێت باژارێ بابێ وێ هەر بەرەکی سۆرە و ئێکی شینە**
**ئەرێ بتێ دینێ ب خودێ وەکە وێ د سلسلا بابێ ئێک وە دا نینە**
**- لە دەقی شنگالێ:**
**ئەرێ بتێ یا ئەز لێ دگەرێم ل ناڤ وە دا نینە**
**یا لێدگەرێم زینا خاتوون زینە**
**کچا میر سێفدینە خوشکا میر زێندینە**
**دۆتمامە چەکان و عەفان و قەرە تاژدینە**
**باژێرێ بابێ وێ جزیرا بۆتا ب خۆ رەنگینە**

١٩- مەلەکڤان (دایکی مەم) دەیویست کوڕەکەی نەڕوات:

- لە دەقی شێخانێ، مەم ماڵئاوایی لەماڵ خواست دایکی زۆری لێ پارایەوە بەڵام سوودی نەبوو.

- لە دەقی شنگالێ، (مەلەکڤان) هات و لەبەر مەم وەستا و گوتی:

**مەمێ من دلێ من دیانە**
**تو بەرێ خۆ بدە ڤان هەڤال و هۆگرانە**
**تو بەرێ خۆ بدە باژێرێ موخرزەمینێ**
**باژێرەکی عەزیم یێ گرانە**
**ڤی باژێرێ موخرزەمینێ نەهێلە بێ خوەیی بێ خودانە**
**ژ بەر خەونێن شەڤانە**

**وێل فەلەکێ وێل وێل دنیایێ وێل**

- لە دەقی خەتارێ:

مەلەکڤان دەڵێت: ئەگەر توو نادەیە خاترا بابێ و هەردوو مامانا

بدە خاترا دایکا خۆ یا مەلەکڤان پشتی تە ئێتیمە ل ڤان چیانە

هەی فەلەکێ وێل هەی دنیایێ وێل

٢٠- کاتێک مەم رۆیشت تا بەخەوەکەی شەوی بگات کێی لەگەڵ رۆشت؟

- لە دەقی شێخانێ، چل خولام سواری ئەسپەکانیان بوون و لەگەڵ مەم رۆشتن و شاری موخورزەمین بویە هات و هاوار و بەهەزاران خۆیان خستە بەرپێی تا نەڕوات.

- لە دەقی خەتارێ، مەمۆی خولام لەگەڵ مەم بەرێکەوت لەشار دەرکەوتنە دەرێ دوای چەند دەقەیەک مەمۆی خولام دەنکە خورمایەکی خستە دەمی.

مەم: ئەوە چییە دیخۆی؟

مەمۆی خولام :دەنکە خورمایەک بوو لە بنی هەگبەکەما خستمە دەممەوە.

مەم: بۆچی بەمنت نەگوت؟

مەمۆی خولام: شتێک نەبوو هەتا بەتۆی.

مەم لێی سڵەمییەوە، داوایکرد لە مەمۆی خولام کە بگەڕێتەوە و مەم بەتەنها رۆشت

٢١ دوای مردنی مەم زین چی کرد و چۆن مرد؟

- لە دەقی شێخانێ، کاتێ زین، مەمی بەم شێوەیە بینی دەستی بە هاوارکرد، میر و خەڵکێکی زۆری شار هاتن و میر گوتی: کچم خەم مەخۆ گەلێ کوڕی جوان لە جەزیرا بۆتان هەن یەکێکیان بە دڵی خۆت هەڵبژێرە، زین بە دڵی ماتەمبارەوە گوتی:

نە جزیر بیت نە بۆتانە
خودێ خراب کەت ژ بنیانە
هەوارا خۆ دگەهینمە شەخسێ پەسارێ
مەم سبێ مر
زین نەگەهتە بێریێن هیڤارێ.

- لە دەقی شنگالێ، زین هات لەلای ئەوانەدا وەستا کە گۆڕی مەمیان هەڵدەکەند و گوتی: با گۆڕەکەی فراوان بێت، کاتێ مەمیا شۆڕکردەوە ناو گۆڕ زین شمشێرێکی لەسەر دڵی خۆی چەقاند و خۆی بەردایەوە ناو گۆڕەکە.

- لە دەقی خەتارێ، زین لای خوداوەند دوعای کرد تا هەردوو پێکەوە بمرن و لەیەک گۆڕدا بنێژرێن.

لێرەدا دەبینین لەنێو خودی کۆمەڵگای ئێزیدیدا لەسێ دەڤەری جیاواز یەک دەق چەندین جیاوازی هەیە، کەواتە دەتوانین بڵێین هەر ناوچەو دەڤەرێک شەقڵ و مۆرکی بومی پێوە دەلکێت و ئەمەش حاڵەتێکی تەندروستە بۆ پرۆسەیەکی لەمجۆرە.

## ٢- مەم و زین لە لای ئۆسکارمان

لە توحفەی موزەفەریەی ئۆسکارماندا بەیتێکی مەم وزین هەیە بە سۆرانییە، ئۆسکارمان لە زاری رەحمان بەکر وەری گرتووە، لەشێوەی بەییت دایە و رەچاوی فۆرمە شیعرییەکە نەکراوە.
ئەم چیرۆکە وەک هەمووی چیرۆکە کوردیەکان بە گشتی و هەموو چیرۆکە کۆنەکانی دنیا لە سەرەتاوە بە شێوەی زارەکی لە زمانی شایەرەکانەوە (کە بە بەیت بێژ دەناسرێن) گوتراوە، هەر بۆیە جیاوازی و تێکەڵ بوونی توخمەکانی گێرانەوە، لە ئەدەبی زارەکی ئەم شتێکی حاشاهەڵنەگرە.
هەر شایەرێک بە پێی پێخۆشبوونو بۆچوونی خۆی هەندێک شتی لە چیرۆکەکەدا زیادکردوەو یان گۆریویەتی، ئەم دەستیوەردانە تا ئەوکاتەی کە چیرۆکەکان تۆمار نەکرا بوون زۆر زەقتر بوو .
لە بارەی مەم و زینەوە ئەوەی لە بەردەستدایە گێرانەوەی رەحمان بەکری شایەر کە ئوسکارمان تۆماری کردوەو وادیارە شێوەی باو لە ناو بەیت بێژانی رۆژهەلاتی کوردستاندا هەر ئەم گێرانەوەی رەحمان بەکر بووە (چونکو بە وتەی ئوسکارمان جیاوازی نێوان گێرانەوەی شایەرەکان بە گشتی زۆر کەم بووە.)
بەیتە کوردییەکان سەرنجی زۆرێک لە رۆژهەلاتناسان و نووسەرانی بیانییان بۆ لای خۆیان راکێشاوە، بەربلاوترین هەوڵ ئۆسکارمانی رۆژهەلاتناسی گەورەی ئەڵمانیای ئەنجامی داوە. ئۆسکارمان خزمەتێکی مەزن و بەرچاوی بە زمان، فەرهەنگ و ئەدەب و مێژووی نەتەوەیی کوردان کردووە، خزمەتێکی دەگمەن و فەرامۆش نەکراو، بە چەشنێک کە ناوی ئەم بیرمەند و دڵسۆزە بێگانەیە لە مێژووی ئەدەبی کورددا

بە نەمری هێشیوتەوە.

ئۆسکارمان، ساڵی ١٨٦٧ لە بەرلینی ئەڵمانیا چاوی بە دنیا هەڵهێناوە

لە ساڵی ١٩١٧ کۆچی دوایی کردووە.

ئۆسکارمان لە ساڵی ١٩٠١ هەتا ساڵی ١٩٠٧ و لە ساڵی ١٩٠٨ هەتا ١٩١١ی زاینی بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەبارەی زمانەکانی کوردی و فارسی سەفەری رۆژهەڵاتی ناڤین و ئێرانی کردووە.

ساڵی ١٩٠٣ی زایینی سەردانی مەهابادی کردووە و لە ماوەی نیشتەجێ بوونی لەو شارە جیالە کۆکردنەوەی ١٧ بەیتی کوردی (دمدم - مەم و زین - لاس و خەزاڵ - ناسر و ماڵماڵ - برایمۆک - شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێ - مەحمەل و برایم دەشتیان - قۆچ عوسمان - جولەندی - خەزێم - کاکە میر و کاکە شێخ - لەشکری - قەر و گوڵزەر - زەمبیل فرۆش - باپیرئاغا - عەلی عاشق و عەبدولرەحمان پاشای بابان) کۆمەڵێکی زۆر بابەتی رێزمانی و فەرهەنگ و دەستەواژەی کوردی، نزیک بە ٢٠٠ غەزەل و گۆرانیی کوردی لە زاری گوندنشینێک بەناوی (رەحمان بەکر )ەوە کۆکردۆتەوە و وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی و ساڵی ١٩٠٥ی زایینی لەژێر ناوی بەیت و باو و ئەدەبی زارەکیی زاراوەی موکریانی بە هەمان ئاخاوتەی سەرەکی و بە رێنووسی لاتینیی تایبەت لە بەرلین بە چاپی گەیاند.[١]

١- ئۆسکار مان، توحفەی موزەفەرییە، ساغ کردنەوەی : عەلی نانەوازادە، هەولێر ٢٠١٣، چاپخانەی حاجی هاشم، لەبلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، لا ٧٩

جگـە لـە ئۆسـکارمان چەنـد ناوێکـی تـر هـەن ئەوانیش جێپەنجەیـان بەسـەر ئەدەبـی کوردییـەوە دیـارە و دەبێـت ئاماژەیـان پێبکرێـت لەوانـەش:

کراولینسـۆن (H.CRAWLINSON)، شـودزکۆ (A.CHDZKO)، لیـرش (P.LERCH)، شنیدلر (A.HOTOMSCHIADLER)، پریم (PRYM)، سوسـین (SOCIN)، رسـیویل (JABA RECUEIL) مـار (MAR)، مینورسـکی (MINORSKY)، واسـیلی نیکیتیـن، رۆژە لسـکۆ، وایگـرام، میلنگـن، رۆدینکۆ (AM RADUDENKO) و مایـکل چـات وسـون ئـەو نووسـەر و لێکۆڵەرانـەن کـە سـاڵانێکی زۆر لـە تەمەنـی خۆیـان بـۆ کۆکردنـەوە و وەرگێڕانـی بەیـت و ئەدەبـی زارەکیـی کـوردی تەرخـان کـردووە.

گێڕانەوەکـەی رەحمـان بەکریش بـە بۆنـەی تێکـەڵ کردنـی چەندیـن ئوسـتوورەو دەقـی ئایینـی جیـاواز لـە نـاو ئوسـتوورەیەکی تایبەتـدا، رەنگـە خوێنـەری شـارەزا تووشـی سەرلێشـێواوی بکاتـو ناوەڕۆکـی ئوسـتوورەیی چیرۆکەکـەی لـێ ون بـێ.

لە دنیای ئوستوورەناسیدا زۆرجار هەیە کە لە نێوان ئوستوورەی چەندین نەتـەوەی جیـاوازدا توخمـی ئوسـتوورەیی هاوبەش دەکەوێتـە بەرچـاو، تەنانـەت جـار هەیـە کـە ئوسـتوورەی نەتەوەیـەک دەقـاودەق لـە نـاو نەتەوەیەکـی بەڕواڵـەت دوور لـە نەتـەوەی پێشـوو دەبیندرێـو تەنیـا نـاوەکان دەگۆڕدرێـن کـە بـەم ئوسـتوورانە دەڵێـن ئوسـتوورەی هاوتەریـب. لـە رێـگای ئوسـتوورە هاوتەریبەکانـەوە زانیـاری زۆر لـە بـارەی پێوەنـدی نێـوان نەتەوەکانـو هەروەهـا مێـژووی هاوبەشـی ئـەوان یـان شـێوەی ژیانـی ئـەو نەتەوانـە دەکەوێتـە دەسـتی توێـژەرو رەنگـە بازنـە ون بووەکانـی مێـژووی نەتەوەیـەک بـە هـۆی ناسـینی ئوسـتوورەکانی وەدەر کەوێـت.

مەم و زینی تۆمارکراوی ئۆسکارمان لە بەشێک لە چیرۆکەکەدا مەم بە ئاشکرایی زین رەت دەکاتەوەو سێجار بە دوای یەکدا دەڵێ کە زینی ناوێ. ئەگەرچی چیرۆکخوان هۆکاری ئەو هەڵویستەی مەم کارتێکدەری بەکر دەزانێو دەڵێ بەکر بە گوێی مەمی گەیاندوە کە زین نەخۆشی پیسی گرتوە، بۆیە کاتێ میر زێنەدین (برای زین) سێ جار زین بە مەم دەدات ئەو هەو سێ جارەکە رەتی دەکاتەوەو ئەڵێ نامەوێ.

لە گێرانەوەی رەحمان بەکردا رەدکردنی زین لە لایەن مەمەوە دەبێتە بەردی بناغەی کێشەی میرو مەم و لە ئاکامدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی زیندانی بوونی مەم.

لە بەیتی مەم و زیندا، شێوەی لە دایک بوونی مەم باسی چۆنییەتی خولقانی یەکەم مرۆڤ دەکاتو پاش ئەوەش دەچێتە سەر بەشێکی دیکە لە دابونەریتی هەرە کۆنی ئینسانو بەو شێوە رەوتی ژیانی مرۆیی وێنا دەکات.

مەم لە سەرەتاوە نۆکەرێکی هەیە بە ناوی بەنگینە (کوڕی وەزیری پاشا، کە ئەڵبەتە لە مەم و زینی خانیدا باسی لێ ناکرێو ئەو کەسەی کە رۆڵی هاوڕێی مەم دەگێڕێ قەرەتاژدینە ) مەم و بەنگینە دوای لە دایک بوون بەسەرهاتێکی سەیروسەمەریان هەیە. بەیتەکە دەڵێ:

بە دایانیان دان، دوو ساڵ لە کن دایانێ بوون لە پاشان بە لەلەیان دان، سێ ساڵ لە کن لەلەی بوون لە پاشان سواریان کردن دووساڵان سوار بوون ئەوجار هێنایانن بردیاننە مەدرەسەی لە خزمەت مامۆستا دانیشتن، حەوساڵان دەژێرخانێدا بوون رۆژو شەویان لێ قەدەغە کردن...

مەم وبەنگینە بە شێوەیەکی هەڵکەوت پەنجەرەیەک بەرەو دەرەوەی ژێرخانیان بۆ دەر دەکەوێت:

«تیشکی رۆژ هاتە ژووریَ، ئەستەغفروللا گوتیان ئەوە خولایە مامۆستای وان لە ویَ نەبوو هەر ئامێزیان لە تیشکی وەدەر هێنا بۆیان نەدەگیرا... گوتیان ئەوە خولایە هاتۆتە نێو مە...»

زمانی بەیت بێژ لەم بەشەدا دەبێتە زمانێکی مەوزوون و لێرە بەدواوە بە وردی هەموو وردەکاریەکانی ماجەراکە باس دەکات:

«شەوێک سیَ پەری دێنە سەر کۆشکی مەم دوای هێندیَ قسە لە سەر جوانی مەم و زین، هەر لە شەودا زین لە جزیرە دەگوازنەوە بۆ کۆشکی مەم».

شایەر ئەگەرچی ئەم گواستنەوە زۆر درێژە پێدەدات بەڵام زمانێکی شیرین و گێڕانەوەیەکی جوانی هەیە کە گوێگر دەباتە دنیای خەیاڵو ئیزنی ئەوەی دەدات تا هەموو وردەکاریەکانی وتووێژی پەرییەکان و دیداری مەم و زین وەبەرچاو بێنێت. لێرەدا بەشێکی کورتی داستانی ئەو شەوە بۆ ئاشنا بوونی خوێنەر لە گەڵ زمانو دەربڕینی ناسک و خەیاڵاوی شایەر دەگێڕینەوە:

خالق هەر ئەتۆی لە سەرە
سیَ پەری لە ئاسمانی حەوتەمین بەستوویانە لەنگەرە
لە سەر کۆشکی کاکە مەمی هەڵدەنیشن ئەوبەر ئەوبەرە
خوشکی گەورە دەڵیَ بە خوشکی چکۆلە
خوڵاکەی خوشکی رومەتی کاکە مەمی زەریفە یان چراو فەنەرە؟
خوشکی نێوەنجی وای گوتیە
هەر لە عەرشی تا کورسییە
هەر لە گای هەتا ماسییە

هەموو دنیام پشکنییە
هیچکەسم نەدیوە لە گوێن جوانی کاکە مەمییە...

لەبەیتی مەم و زینی رەحمان بەکردا مەم کوڕی ئیبراهی پاشای یەمەنە، داستانی لەدایک بونی مەم بەم جۆرەیە:

«برایم پاشا هیچ کوڕی نەبوو، لەگەڵ وەزیری خۆی هەستان رۆین بۆ ماڵە خولا، دوازدە مەنزلان رۆین، خولا رەحمی بەوان کرد، وەیسەلقەرەنی ماهیدەشتی ناردیە کن ئەوان، دوو سێوی پێدا نارد، گوتی بچنە ماڵە خۆتان، دەزانم بۆ کوڕی هاتوون، شەوی جومعەی دەستنوێژ هەڵگرن، ئەو سێوەی لەت بکەن لەتێکی بەخۆت بیخۆ لەتێکی ژنەکەت».

ئەم باسە لەلای خانی نابیستین، ئەمە جگە لەوەی کە لای خانی مەم شازادە نییە بەڵکو کوڕی نووسەری میرە.

## ٣- مەم و زین ی رەواندز

بەهەمان شێوە لای ئۆسکارمان بەیتێکی تری مەم و زین تۆمار کراوە، لەمەیاندا کە زۆر کورتە و بەیتێکی قافیەدارە.

لەم بەیتەیاندا کاکە مەم نۆکەری میری رەواندزە و خاتو زینیش خوشکی میری رەواندزە .

کاکە مەم نۆکەری میری رواندز بوو، خاتووزین خوشکی میری رواندز بوو، کاکە مەم دڵی لێچوو، ئاشق بوو لەخاتووزین، میرمەم ئاغای نەخۆش کەوت، پەنج ساڵ تەواو، کاکەمەم ئاغای بەکۆڵ گیرای، لەدوای ئەم پەنج ساڵە شەرتی کرد، کەخوشکی خۆی بداتێ، پیاووماقوڵان جەم بوون، قەبوڵیان نەکرد، ئاقیبەت زین و مەم ئاشق بوون بەیەکتر، خاتووزین کاسەی ئاو دای بە کاکەمەم، میر پێزانی، زستان بوو، حوکمی کرد " ئەسپێکم بۆ بێنن، کاکە مەمی سوار کەن، وە گۆزەیە ئاوی پیا بکەن، با بیبەستێ،دەری کەن، با بڕوە بۆ کۆیێ، دەریان کرد، بەو شەوە روویی، بە کاو بەفر و سەرما، تا نزیک بەیان، داغل بەشار کۆیە بوو، ئەسپەکەی بەڵەد بوو، لەبەر دەروازەی میر راوێستا، حیناندی( حیلاندنە)، میر بەخەبەر بوو، بانگی کردە غوڵامان، دەروازە بکەنەوە، بزانن ئەوە کێیە، کە چوون ، دەروازەیان کردەوەم داییان بەزانت، هاوردیانە ژورەوە، میر کە تەمەشای کرد، هەموو گیانی بەستووگیە، لێپرسی گوتی: «چی کردووە بەم شەوە ساردا تووییان دەرکردووە؟» ئەرزی کرد: «لەبری چاکەی ک لەگەڵ برای تووم کرد ئەمە جەزای بوو.» میری کۆی گوتی: «سبەینی سەد سوار دەنێرم خاتووزینت بەزۆر بۆ بێنن ئێرە» زۆر حەمدی خودای کرد.

بەیتەکە....
جوابێ بنێرن بۆ شەمزینان:
سوار بن لە ئەسپ و زینان،
بۆ شەوقی مەم و زینان
جانان! بیکەن تەقبیر و رایێ!
جوابێ بنێرین بۆ زازایێ
سوار بن لەبۆ ئەم سەفایێ!
دڵەم دەڵێی بەحری وانە،
لەنگەریان تێبەردان گەمییەوانە
جوابێ بنێرن بۆ بالەکان
سوار بن لە کوێت و هەڵەشان
لەبۆ سەفای کیژ چاوڕەشان

کوێستانان لە من داغان داغان
سوورگوڵ پشکووت لە چوارباغان

کاکە زێن و براڵە زێن و کیژە ڕێحانە
ئاورێکم بەربووەتەوە لە دەروونێ!
نە بە بایێ دەکوژێتەوە نە بە بارانێ
نە بە پاچ و پێمەڕان، نە بە گڵ پیادانێ
نە بە شێخ ئەستوور کرێوە، نە بە چاکە سواری تاژانێ،
نە بە سێید ئەحمەد ساوانێ،
نە بە تیپی سوارانی دەشتی کاولە حەریرێ،
نە بە گوڵەنگەو قۆیتاسەی کاری مووسلێ.

## لێکچووەکانی مەم و زینی خانی و ئۆسکارمان

- لە هەردوو گێڕانەوەکانی خانی و ئوسکارماندا باسی شین بوون و سەرهەڵدانی گیا یان گوڵێک لە سەر مەزاری مەم و زین کراوە.

- لە سەرەتای مەم و زینی رەحمان بەکردا (تۆمارکراوی ئوسکار مان) لە گەڵ کەشوهەوایەکی ئوستوورەیی رووبەڕو دەبینەوە: پاشایەک کوڕی نابێت و بە دوای رازونیاز لە گەڵ خوداو پاڕانەوەی زۆر، بە هۆی سێوێکی بەهەشت دەبێتە خاوەن کوڕێک و ناوی دەنێتە مەم. دەقی بەیتەکە لە بارەی چۆنیەتی لە دایک بوونی مەم (کە سەرەتای چیرۆکەکەیشە) ئاوا دەستپێدەکات:

«ئیبراهیم پاشای یەمەن هیچ کوڕی نەبوو، دەگەڵ وەزیری خۆی هەڵستان رۆین بۆ ماڵە خولا، دوازدە مەنزلان رۆین، خولا رەحمی بەوان کرد. وەیسەلقەرەنی ماهیدەشتی ناردیە کن ئەوان، دوو سێوی پێدا نارد... ئەوانە بۆ کوڕی هاتوون بچنە ماڵە خۆیان شەو جومعەی دەسنوێژێ هەڵگرن، ئەو سێوەی لەتی بکەن، لەتێکی بۆ خۆی بخوا لەتێکی ژنی...»

- بەڵام لە گوتنەوەکەی خانی دا نە باسی سێوی بەهەشت دەکرێت و نە مەمیش شازادەیە، بەڵکو کوڕی نووسەری میرە.

- لە بەیتەکەی رەحمان بەکردا مەم لە سەرەتاوە نۆکەرێکی هەیە بە ناوی بەنگینە کوڕی وەزیری پاشا.

- لە مەم و زینی خانیدا باسی لێناکرێ و ئەو کەسەی کە رۆڵی هاوڕێی مەم دەگێڕێ قەرەتاژدینە .

- بەیتەکە دوای هاتنە دەرەوەی مەم و بەنگینە باسی یەکەم دیداری مەم و زین دەکات. لە بەیتە تۆمار کراوەکەی ئۆسکارماندا ئەو

یەکەم دیدارە زۆر خەیاڵاوی و ئوستوورەییەو چیرۆکەکانی هەزارو یەک شەو و داستانەکانی جنۆکەو دێو و پەریمان وەبیردێنێتەوە واتە رواڵەتی رۆمانسەکانی سەدەی شازدەو حەڤدەی هەیە کە لە ئێران دا عەییارنامەکان بەو شێوازە بوون.

- خانی مەم و زینی لە جەژنی نەورۆزدا بەیەکتر ئاشنا کردوە. مەم و تاژدین بە جلی کچانەوە دەڕۆن بۆ جەژنی نەوروز، لەوێ چاویان بە دوو کوڕە لاوی جوانو چالاک دەکەوێ کە خەریکی زۆران و شەڕن و کەس نایانبەزێنێ. مەم وتاژدین وەدوویان دەکەون بۆیان دەردەکەوێ کە ئەوانە کوڕ نەبوون بەڵکوو دوو کچی جوان بوون. هەر لەوێ عاشقیان دەبن، کچەکان ئەنگوستیلەی خۆیان لە گەڵ کوڕەکان دەگۆڕنەوەو دەگەڕێنەوە بۆ کۆشکی خۆیان.

- لە بەیتی دووەمی ئۆسکارماندا ئەوەی لە رەواندزە جۆرێکی ترە، لەم بەیتەیاندا کاکە مەم نۆکەری میری رەواندزە و خاتو زینیش خوشکی میری رەواندزە و ئاکامەکەش بەوە دەگات مەم لە رەواندزەوە بەرەو کۆیێ دەردەکرێت.

دەکرێت زیاتر لەسەر ئەم باسە بدوێین بەڵام ئەوەی بۆمن گرنگە ناساندنی دەقە هەورامییەکەی مەم و زینە کە دەمەوێت باسەکە لەسەر ئەو بابەتە چڕ بکەمەوە.

## ئوستوورە

مرۆڤەکان هەمیشە لەخەیاڵی خۆیاندا چیرۆکیان دروستکردووە، خەیاڵ ئەو جیهانەیە کە زاناکان لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاشدا دەتوانن شتی نوێی تێدا هەڵبهەنجێنن[1]

ئوستوورە ئەو چیرۆکەیە کە دانەرەکەی یان رەگەزەکەی شاراوەیە و هەوڵ دەدا رەوتەکانی سروشت، بەدیهاتنی جیهان و مرۆڤ، نەریتەکان و ئاهەنگە ئایینییەکان دەرببڕێ. ئوستوورە لە بنەڕەتدا وەکوو سیستەمێک بۆ راڤەی جیهان یان بەرپەرچدانەوەی مرۆڤی سەرەتایی لە هەمبەر هێزە سروشتییە نەناسراوەکاندا داڕێژراوە. سەرەکیترین کەسایەتییەکانی ناو ئوستوورەکان خواکان یان پاڵەوانە لەئاسابەدەرەکانن.

ئەم جۆرە گێڕانەوانە داگری ئەو چیرۆکانەن کە هەڵگری واتاو ناوەڕۆکی ئوستووریی و حەماسین و لە گێڕانەوەکانی خۆیاندا ئاماژە بە زەمەنێکی نادیار دەکەن. [2]

ئوستوورە، نهێنییەکانی پێشینانی ئێمەن، ئەو نهێنییانەی نەیانتوانیوە بەڕاشکاوی دەریبڕن. هەر ئەو نهێنییانە بوونەتە زمانی هێمایی بۆ دێو و درنج و بابەتی لەم چەشنە.

دنیای ئوستوورە پڕە لە ڕاستی. پڕە لە ئاوات و ئارەزوو و حەز. میرچا ئەلیادە دەڵێ: « ئوستوورە مێژوویەکی پیرۆز دەگێڕێتەوە.»[3]

---

١ - تأريخ الاساطير، كارين أرمسترونغ، ترجمة د. وجية قانصو, ط١ ٢٠٠٨م،دار العربية للعلوم ناشرون،بيروت، ص٩

٢ - شانامەی کوردی، بێهرووز چەمەن ئارا، جاپەمەنی مانگ، ٢٠١٦، ل١٨

٣- اسطوره و واقعيت ، ميرچا الياده، ت.مانی صالحی علامه، بنگاه ترجمه و نشر كتاب پارسه، تهران ١٣٩٢، ص٥٣

ئەسکیمۆییەکان بۆ سەلماندنی مێژووی پیرۆز و نەریتە ئایینییەکانی خۆیان دەڵێن: « ئاوایە، چونکە گوتراوە کە ئاوایە.»

کارڵ ئابراهام لایەنگری فرۆید، لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئوستوورە بیرەوەریی دابونەریتێکن لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا باو بووە. بەڵام پاشان پێشی گیراوە و وردە وردە خراوەتە ژێرچەپۆکە و بەشێوەی ئاواتە نەگوتراوەکان لەنێو نائاگایی کۆمەڵدا ماوەتەوە.

## تایبەتمەندیی ئوستوورە بومییەکان:

١- فۆرم: هەروەک دەزانین هەموو حەکایەت و ئوستوورەیەک بە فۆرمێکی تایبەت دەستپێدەکا. فۆرمی دەستپێکردنی ئوستوورە بومییەکان بریتین لە: هەبوونەبوو، ، دەسپێکردنە بە مەدح و سەنا کەبەناوی خودا دەست پێدەکات و بە ستایشی محەمەد درێژەی پێدەدات، لە داستانی مەموزین ی هەورامیشدا ئەمە بەرچاو دەکەوێت:

به نام بێچوون بەنای لا مەکان
نگەهدارەندەی زەمین و زەمان
واحد و ئەحەد فەرد و فریاد رەس
ڕاحم و ڕەحیم پەی بێکەسان کەس
پادشای قەییۆم واحد و مۆتڵەق
نگەهدارەندەی چەرخ مۆعەلەق
ڕزق دەهەندەی وەحشی و موور ومار
پادشای بێ عەیب واحدولقەهار

بە غەیرەز ئەو شا کەس نیەن شاهان
شاه هەر ئەو شاهەن نە هەردوو جەهان
زاهر و باتن لامەکان ماوان
سونعش بێ شێوەن زاتش فراوان
ئەر وەسف زاتش مەکەروو ئزهار
تەمام نمەبۆ نە شەرح تۆمار
ئومێدم ئیدەن پادشای ئەعزەم
بە ئەلتاف وێت بداریم و چەم
دەور رەستاخێز ئاخرزەمان بۆ
مەخلووقات تەمام نالەئەمان بۆ
ببەخشیم بە ناز موستەفای مۆرسەل
نیازم ئیدەن بەنای لەم یەزەل

یەکێکی تر لەو خاسیەتانە خۆبەکەم زانین و خوبەتاوانبارزانینی گێڕەرەوە یان حیکایەتخوانە و باسی تاوانباری خۆیدەکات و داوای بەخشین دەکات

گەر چ کەردەنان ستەمان بەر خوێش
بوویەر جە کردار ئی بەندەی دڵڕێش
چون ئەندێشەم هەن جە دەریای جوودت
دڵبەندەن بە ئان نەقش عهوودت
بە مەحز لوتفت ئومێدەوارم
وێت فەرموودەنی ئامۆرزەگارم
غەرق جە قەباحات موتەهەم جە زەنب
(اغفرلی اغفریا غافرالذنب)

نووسـەر یـان گێڕەرەوەو حیکایەتخـوان لەگێڕانەوەکانـدا بـەر لـەوەی بچنـە سـەر کـرۆک و ئەسـڵی داسـتانەکە دێـن کورتەیـەک و ئامانجـی کارەکەیـان بەیـان دەکـەن:

**ئەوسا دۆمای مەدح یەکتای یەگانە**

**گۆش دەر و دەستان دەور زەمانە**

**بەتاڵ نمەبۆ نوێشتەی تەقدیر**

**تەقدیر علاجش نیەن بە تەگبیر**

٢- کارەکتــەرەکان: ســەبارەت بــە تایبەتمەندیــی کارەکتــەر و ناوەڕۆکـی ئوسـتوورە بومییـەکان وەک ئوسـتوورەی زۆرێـک لەگەلانـی ناوچەکەیـە چونکـە زانسـتی مرۆڤناسـی، ئوسـتوورە بـە پاشـماوەی ئایینـە سـەرەتاییەکان دەزانـێ، دەتوانیـن ئوسـتوورە بـە بنەمـای ئایینـی دابنێیـن، جێپەنجـەی بـڕوا ئایینییەکانـی سـەرەتای ژیانـی مـرۆڤ لەسـەر ئوســتوورە و ئوســتوورەکان دەبینــرێ. لەبیرمــان نەچــێ زۆر لــە ئوسـتوورە و حەکایەتـە ئایینییەکانیـش ڕیشـەی ئوسـتوورەییان هەیـە[1] و زۆرێــک لــەم بنەمایانــە لەرۆژهەڵاتــی ناوینــدا هــەن و ریشــەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئوسـتوورەو جـادووە هیندییـەکان.

٣- شـازادە: لـە زۆربـەی ئوسـتوورە کوردییەکانـدا شـازادە ڕۆڵـی سـەرەکی دەگێڕێ. شـازادە یـان تاقانەیـە یـان کـوڕی خۆشەویسـتی باوکییەتـی و بـەم پێیـە باوکـی هەمـوو شـت دەکات لەپێنـاو بەختـەوەری ئـەودا، لـە مـەم و زینـی هەورامیـدا ئەمـە دیـارە، کـە شـا مـەم کـوڕی پاشـای یەمەنـە

[1] ١- نامــق هەورامــی، هەورامــی زمانــی ئایینــی یارســان، بەڕێوەبەرایەتــی چــاپ و بڵاوکردنــەوەی ســلێمانی، چاپخانــەی دەریــا، ســلێمانی ٢٠١٣.

دیشان کە شای مەم نشتەن و دەماغ
شوڵەی جەمینش چون شوڵەی چراغ
باڵاش چون عەرعەر ساوای زەڕستوون
گۆناش مەدرۆشۆ وێنەی لاڵەی کۆن
وستەن چەند فەرشان کار خۆراسان
موتەکا و باڵشت نە هەزار ڕەنگان
ئەساسێ بەی تەور ڕازان ڕێزیان
فەرشان وهەشت جە لاش بێزیان
غوڵامان جە لاش دەست و بان دەست
ئێقامەت کەردەن جە باڵا و پەست

٤- دێو یان پەری: لەزۆرێک لە ئوستوورەکاندا نەخشی دێو یان پەری بەرچاوە، هەر لەجادووکردنەوە تا دەتوەشاندن و گۆڕینی بارودۆخێک ، لە مەم و زیندا گۆڕانی شێوەی نقێمی ئەنگوستیلەکەی مەم و لێکدانەوەکەی بەنگینە کە ئەمە کاری دێوە:

فیرۆزەی نگین ئەنگوشت دی ئەحمەر
سۆمەدا ونەش ئەخزەری ئەخزەر
ئەمیر وات بەنگین پڕ مێهر و تەمکین
پەی چێش سۆرخ بییەن فیرۆزەی نگین
داش نە رووی شۆعاع نەزەر کەرد مەنزوور
دەردەم شۆناساش حەککاکان دەستوور
سەجعەی نگینش کنیا بی بزین
خاتوون دنیا فردەوس بەرین

**موزەییەن بە زین بەرکەندەن ئۆستاد**
**مەم چون دیش و چەم دەست کەرد و فریاد**
**ئاهێ جە نەهاد بەرئاوەرد و بەر**
**مەدهووش بی مەدهووش چون زامان خەتەر**
**بەنگینە چون دیش بەی تەورماجەرا**
**ئەمیر سەرنگوون نە خاک سیا**
**واتش مەزانوون یە کار دێوەن**
**ئەمیر بەی دەستوور حالش پەشێوەن**
**دەست کەرد و خواندن ئایات شەریف**
**ئاوەرد بە زبان جسمان لەتیف**

٥- کچی جوان: کچی جوان بەشێک لە بینای داستانەکان داگیردەکات، زۆرێک لە کێشەکان و رووداوەکان لەجوغزی کچدا دەسوڕێنەوە، زین نموونەی بەرچاوی نێو حەکایەتەکان، لە داستانی مەم و زیندا، وەک لە ناوەکەوە دیارە ئەم دوانە پنتی پێکهاتنی داستانەکەن «کچ» لەنێو ئوستوورەکانی ڕۆژهەڵاتدا، ڕوانینێکە بۆ بیرێکی پاک و خاوێن.

**نە جزیرو بۆت خاتوو زین نامێ**
**تەڕک و زەرایف شیرین کەلامێ**
**باڵا تووڵ نەی زەڕستوون خامێ**
**دوو چەشمان سیە سیاه بادامی**
**پەریزادەیێ پەری مقامێ**
**زۆڵەیخا وارێ نە، گۆل ئەندامی**

**شیرین خۆسرەو هۆمەیلا کامێ**
**لەیلا سفەتێ عەمبەرین جامێ**
**باش نازداران پڕ هۆش فامێ**
**قەمەرتەلعەتێ ماهی تەمامێ**
**مەریەمە ئاسا بوڵەند ئەندامی**
**شەکەرین ڕازێ تاووس خەرامێ**

٦- پەری: پەری ڕۆڵێکی چاکە دەگێڕێ. ئاسمانییە، بەڵام یارمەتیدەری پاڵەوانە لەسەر زەوی. پەری چوار ئەرکی لەسەرشانە: پێدانی بەخت و شانسی چاکە و باش، خوێندنەوەی داهاتوو، سازکردنی مرۆڤ و کەلوپەل لە خەزێنەی غەیبەوە و پێدانی ماڵ و نیعمەت بە هەرکەس کە بیەوێ.

لە مەموزینیشدا پەرییەکان ئەو دوو دڵبەرە بەیەک دەگەیەنن لەخەودا:

**شەوێ نە شەوان، چەم نە شەکەر خەو**
**سێ پەری ئاما، نیشت لە قەسری ئەو**
**یەکێ ژ وان (وات)، کێ وێنەی مەم بۆ**
**شۆقی جەمینش، چون جامی جەم بۆ**
**دوەم وات یەکێ، نە جەزیر هەندەن**
**شەوقی نوور جە رووی ماه و خۆر سەندەن**
**سێ یەم وات یاران، با نەبۆ بە غەم**
**باوەریم بوزیم، چند خوێشان بە هەم**
**تاکە بوینیم، کامینەن شیرین**

بۆی کۆی کامینەن، چنۆ عەنبەرین
قبوڵشان کەرد، بە دیدە و بە گیان
عەزمشان ئاورد، نە دڵ پەی لوان
هەر سێ وریزان، جە بامێ مەنزەر
تا یاوان وە قەسر، جەمین جامی زەڕ
شەهزادەی جەزیر، وەرداشتن دەردەم
بەردن نیاشان، نە ئاغوشی مەم
ناگا بێدار بی، پەریوەش نە خاب
دیش کە جوانێ، وێنەی ئافتاب
مەست و حەیرانەن، خاویدەی خاونەرم
جەمین وێنەی ماه، کانی حیا و شەرم
ئاشق بی بە شەوق، شوعلەی جەمینش
دەست مالا نە پاو، پەنجەی ڕەنگینش
بیدار کەردنە خاب، شەهزادەی یەمەن
واتش ئەی جوان، مەر ئەقڵت کەمەن
پەی چێش ئامانی، تۆ وە ماوای من
مەر نەزانانت، نە ئێنس و نە جن
هیچ نمە تاوان، نەی مەسکەن و جا
بیان بویەران، بێخۆف و ڕجا
مەر جە گیانی وێت، وەردارانت دەست
ئامانی بەی قەسر، بیەنی سەرمەست؟!
«مەم» کە ئێد شنەفت، ڕێزنا گەوهەر
نە دورجی دەهان، چون مشکی عەنبەر
واتش ئەی خورشید، نوری چەمانم

ئینە جای منەن، ئەی دیدە و گیانم
نە زیرێ قەسرم، بەختێ خانانەن
غۆلامانێ خاس، پاسەبانانەن
قەسری تۆ نەفەوق، چێش کریان ئاراس
گیان بۆ بە فدات، پێم بواچە راس
تاکە بزانیم، یاگەی کێمانەن
کێ ساحیب یانە، کێمان مێمانەن؟!
دوختەر وات پەنەش، ئەی مەحبوبی خاس
قەسری من نەفەوق، دەریا هەن ئاراس
هۆرێزان بە هەم، چون خورشید و ما
مەم وێنەی یوسف، ئەو چون زلێخا
هەردوشان ئامان، بەقەسرێ دامان
دیشان خابیدەن، جەمعی غۆلامان
نە بەختەخانان، دیشان سەمەندان
دەست و پا زەنجیر، مەحبوس نە بەندان
ئەودی ورگێلان، لوان بە ئەیوان
عاشق و مەعشوق، هەم بە دیدە و گیان
عەشق ئاما جا گرت، نەدو سینەی ساف
وێش کەردش بە یار، دو سۆسەن کەلاف
مەم واتش دیدەم، چێشەن نامی تۆ
نا بیم گرفتار، بەندێ دامی تۆ
حۆریی یا پەری، مەسکەنت جە کۆن
راست بواچە پێم، حالم هەن زەبون
واتش مەسکەنم، شەهری جەزیرەن

میرزەیندین تێدا، سەردار و میرەن
برادەرمەن، نوری دنیا و دین
ئیسمی کەنیزت، هەندەن «خاتو زین»
نام و نیشانم، گشت واتم پەرێت
بەڵێ تۆ واچە، دەرد و حاڵی وێت
مەم واتش پەنەش، ئەی نوری دیدەم
مونس پەی ئارام، قەلبێ رەمیدەم
بابۆم پادشان، نامێ من مەم ەن
موسەخەر بە ئەمر، بابۆ مەن، یەمەن
ساکە ئێد شنەفت، پەریسای پەری
بەر ئاورد جە دەست، ئەو ئەنگۆشتەری
مەم هەم بەرئاورد، ئەنگۆشتەر جە دەست
کەردشان بە هەم، ئی عەهد و پەیوەست
هەر یەک نامەیێ، بە خەتێ شیرین
مشک ئەفشان کەردن، نامەی عەنبەرین
هەر دو دان بە هەم، نامەی عەنبەر بار
نیان نە کیسە، پەرێ یادگار
ئەو شەو تا خەیلێ، شادی و زەوق کەردن
شەربەت نە لەبان، یەکدی مەوەردن
ناگا وەقتی سۆب، هەر دو شین نە خاب
بە فەرمودە و ئەمر، حەیی جەهانتاب
پەریان بەردن، ئەو بەماوای وێش
بە تەنها ماشتن، مەم-ی جەفاکێش

میرزەیندین تێدا، سەردار و میرەن
برادەرمەن، نوری دنیا و دین
ئیسمی کەنیزت، هەندەن «خاتو زین»
نام و نیشانم، گشت واتم پەرێت
بەڵێ تۆ واچە، دەرد و حاڵی وێت
مەم واتش پەنەش، ئەی نوری دیدەم
مونس پەی ئارام، قەلبێ رەمیدەم
بابۆم پادشان، نامێ من مەم ەن
موسەخەر بە ئەمر، بابۆ مەن، یەمەن
ساکە ئێد شنەفت، پەریسای پەری
بەر ئاورد جە دەست، ئەو ئەنگۆشتەری
مەم هەم بەرئاورد، ئەنگۆشتەر جە دەست
کەردشان بە هەم، ئی عەهد و پەیوەست
هەر یەک نامەیێ، بە خەتێ شیرین
مشک ئەفشان کەردن، نامەی عەنبەرین
هەر دو دان بە هەم، نامەی عەنبەر بار
نیان نە کیسە، پەرێ یادگار
ئەو شەو تا خەیلێ، شادی و زەوق کەردن
شەربەت نە لەبان، یەکدی مەوەردن
ناگا وەقتی سۆب، هەر دو شین نە خاب
بە فەرمودە و ئەمر، حەیی جەهانتاب
پەریان بەردن، ئەو بەماوای وێش
بە تەنها ماشتن، مەم-ی جەفاکێش

١٥- ژمارەپیـرۆزەکان: لەنێـو پیرۆزەکانـدا، ژمارەکانـی ٣ و ٧ و ٤٠ لـە ئوسـتوورە بومییەکانـدا زۆر بەرچـاون. ئەگـەر سـەرنجی ئایینەکانـی میترائیسـم و زەردەشـتی و یارسـان و ئێزیـدی بدەیـن بـە شـێوەیەکی بەرچـاو ئـەم ژمارانـە دەبینیـن.

**شا چونکە زاناش، حاڵش خرابەن**
**مەم وێنەی قەقنەس، جەرگش کەبابەن**
**پەنەش دا روخسەت، بە سەد داخ و دەرد**
**چل هەزار سوار، چەنیش راهی کەرد**
**یان..**
**تا مدەی چل رۆ، بەو تەور کەرد گوزار**
**دمای ئەو، یارش، شی بە چەشمەسار**
**یان..**
**چهل دەست (تەمام) مەم بەردش جە شا**
**ئەودی جە نۆوە، مەلعونێ گمڕا**
**یان..**
**شش پیاڵەش وارد مەم-ێ جەفابار**
**ئاشکار کەرد عەشقش، جە مەستی و خمار**
**یان...**
**دەهـ و دوو هەزار، پیادە و سوار**
**چەنیش روو کەردەن، مەیان پەی تەلار!**
**یان...**
**واتش ئامای، وەزیری فیروز**
**بدەرەم مۆهڵەت، تا بە چهل روز**
**یان...**

مەکەرەم زەلیل، چون دەردمەندان
دمای چهل روز، مەم نەروی زیندان
یان...
تا مدەی هەفت روز، هیچ نەگرت ئارام
نەمەندش خرەد، هەم بەرشی جە فام
دمای هەفتەم روز، ژەنی برادەر
ئاما نیشت نە لای، جەمین جامی زەڕ

## ئوستوورەی خوداوەندی شەهید

ئوستوورەی خوداوەندی شـەهید، یەکێکە لـە ئوسـتوورە دیارەکانـی گەلانـی زاگرۆس و نێوان دوو ڕوبارە، ئوسـتوورەیەک کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگـەڵ شێوەی ژیانی خەڵکی ناوچەکە هەیـەو گرنگترین ئوسـتوورەی ژیانـی هیتیارییـە. ئـەم ئوسـتوورە لەگـەڵ هیتیـاری و چانـدن و دروێنـەوە پەیوەنـدی هەیـە.

سـەرەتای دەرکەوتنی میتۆلۆژیـای (هیتیـاری- جوتیـاری) دەگەڕێتـەوە بۆ سـەدەکانی ٤٠٠٠-٨٠٠٠ پێش زایـن و بـە مـاوەی ( نیولۆسـی) یـان چاخـی بەردینـی نوێ ناسـراوە، کاتێـک هیتیـار تۆوی لـەزەوی دەچانـد دەبوایە خاوێن بوایـە لـەڕوی جەسـتەو ڕۆحـەوە، وایـان بیردەکـردەوە کاتـێ تـۆم دەچێتـە نـاو زەویـەوە، ئـەوە سـەرەتای قۆناغێکـی نـوێ و ژیانێکـی نوێیـە، ئـەوە هێزێکـی گەورەیـە ئـەو کارە دەکات، زۆری و باشـی بەرهەمـی ئـەو تـۆوە پەیوەسـت بـوو بـە هێـز و توانـای ئـەو خودایـەوە.[1]

ئوسـتوورەی ئیـزەدی شـەهیدکراو، ئوسـتوورەی ژیانـی هیتیارییـەو ئـاوات و ئامانجـی هەمیشـەی هیتیـار هـاوڕێ بوونـی زەوی و وەرزەکان لـە گـەڵ ئـەو و باشـبوونی بەروبوومەکەیەتـی. بۆیـە ڕێوڕەسـمێک لـە ژێـر سـێبەری ئوسـتوورەیەکدا بەڕێوەدەبـا، بـۆ ئـەوەی (ژن-خـودا)ی زەوی لێیخۆشـبێت و کشـتوکاڵێکی بـە پیتـی بداتـێ. واتـە دواهەمیـن بەشـی چیرۆکەکـە ئـەو چاوەڕوانییـەو ئـەو ئومێـدە نیشـان دەدات کـە

١- تأريخ الاسـاطير، كارين أرمسـترونغ، ترجمـة د. وجيـة قانصـو، ط١ ٢٠٠٨م،دار العربيـة للعلـوم ناشـرون،بيروت، ص٤١-٤٢

ئینسـان بـە هـۆی ئـەوەوە ئوسـتوورەکەی خوڵقانـدوە.

ناوەڕۆکـی ئوسـتوورەکە بـاس لـە پاڵەوانێکـی داوێـن پـاک دەکات. بووەتـە دڵـداری ژنێکـی خـاوەن دەسـەڵات، بـۆ ماوەیـەک دەکەوێتـە زینـدان یـان بیـر یـان دۆزەخ (کـە جۆرێـک لـە مردنـە)و خەڵـک رێورەسـمێک بـە بۆنـەی مـردن یـان بـە زینـدان کەوتنـی پاڵەوانەکـە بەڕێـوە دەبـەن.

ئـەم لـە ژێرخـان زیندانیکردنـە دەمانکێشـێتە نێـو ئایینـی میترایـی ، لـە ئایینی میتراییدا ریورەسمەکان لـە چلەخانەکاندا بەڕێوە دەچن کە لەدامینـی چیاکانـدان و زیاتـر لەسـەرەوە بـەرەو قوڵایـی دەچیت واتـە دەرگای چلەخانەکـە بچـوک و نـاو چلەخانەکـەش بەچەنـد پلیکانەیـەک بـۆی دادەبەزیـت[1].

(ئـەم ئەشـکەوتانە نوێنـەری تاقـی ئاسـمان بـوون... بـەڵام لـەو شـوێنگەلەدا کـە ئەشـکەوت نەبـوو پەرسـتگەکانیان بـە لاسـاییکردنەوە لـە ئەشـکەوت، لـە ژێـر زەوی دروسـت دەکـردو پلەکانێکـی درێـژ پەرسـتگەکەی دەگەیانـدە سـەر عـەرز، ئـەم پەرسـتگە گەلـە هیـچ پەنجـەرەو شـتی وایـان نەبـوو. لـە گۆڕەپانـی پرسـتگەکەدا ئاگـردان و ئـاودان و شـتانی دیکـە هەبـوو.[2]

لـەم داسـتانەدا پاڵەوانەکـە نوێنـەری تۆم(تـۆو)ی گیایـە، واتـە خوداوەندێکـی گیاییـە کـە هیتیـار لـە ژێـر خاکـی دەکات ، هیـوادارە شـین ببێـت و سـەردەربێنێت. لـە بۆچوونـی ئینسـانی ئوسـتوورەییدا

---

١- ڕەووف مەحمـوود پـوور، جەژنێـک بـۆ پیـر بنەمایـەک بـۆ ئوسـتوورەی کاردی، چاپخانـەی وەزارەتـی رۆشـنبیری، ٢٠١٢هەولێـر، ل ٧٤

٢- مهرداد بهار، از اسطوره تا تاریخ، نشر چشمه، ، طهران ١٣٧٣، ص ٣٢-٣٣

پەیوەنـدی هۆیـی و بەرهۆیـی هێشـتا مانـای نییـەو ئـەو هێشـتا بـەو قەناعەتـە نەگەییشـتوە کـە سـەرهەڵهێنان و روانـی گیـا چەندیـن مانـگ پاش چاندنی شتێکی سروشـتی و ئاسـاییە، رووداوی لـە دایک بوونـی منداڵیـش هـەر بـەو شـێوەیە. سـەرەتا دڵەڕاوکـەی ئـەوە کـە ئایـا ئـەو شتەی کە چاوەروانییەتی روو دەدات یان نا، دەبێتـە هـۆی خولقاندنـی ئاییـن و دابونەریتـی تایبەتـی (کـە زۆربـەی جـار لـە گـەڵ ڕێورەسـمی قوربانـی بـۆ خوداوەندیـان بەڕێـوە دەچـێ) پاشـان ئـەو دابونەریتـە دەبێتـە بەشـێکی نەگـۆڕی ئـەو دیـاردە سرووشـتییە، واتـە لـە بـەر چـاوی ئـەو دەبێـت بـە عیللەتـی ئـەو رووداوە سروشـتییە (بـۆ نموونـە سـەر دەرهێنانـی تـۆم لـە خـاک). ئینسـانی میتۆلۆژیایـی وادەزانـێ جێبەجێ نەکردنـی ئەوانـە دەبێتـە هـۆی تۆرانـو رق هەسـتانی ئیـزەدی ئـەو رەسـمو ئایینـەو تۆڵـە سـەندنی ئـەو.[1] بـۆ نموونـە پێداهەڵنەوتنـی ئیزەدی ئاو دەبێتە هـۆی تۆرانـی ئـەوو پشـتهەڵکردنی لـە خەڵـک و زاڵ بوونـی دێوی وشـکە سـاڵی بۆیـە هەمـوو هەوڵـی خـۆی دەدات کـە ئـەو خوداگەلـەی کـە پەیوەنـدی راسـتەوخۆیان بـە ژیانـەوە هەیـە هەمیشـە بـە باشـی سـتایش و پەرەسـتن بـکات. خوداوەنـدی گیاییـش یەکێـک لـەو خوداگەلەیـە کـە ناوەنـدو کۆڵەکـەی ژیانـی هێتیارییـە.

کـۆن تریـن بیچمـی ئـەم ئوسـتورەیە ئوسـتوورەیەکی مێزۆپۆتامیاییە، لـەم ئوسـتوورەیەدا (ئینانـا) (ژن-خودا)وەندیەکـە کـە عاشـق بـە کـوڕە شـوانێک دەبێـت بـە نـاوی (دوومـوزی)، (دوومـوزی) مـل بـەو خۆشەویسـتییە ناداتـو (ئینانـا) بـە تۆڵـەی ئـەو نافەرمانییـە کارێـک دەکات دومـوزی بکەوێتـە دنیـای ژێـرزەوی یـان دۆزەخ.

١- حسن نعمة، ميثولوجيا و اساطير الشعوب القديمة ، دار الفكر اللبناني-بيروت ص٢٥

چەرخی بەردین ، سێ ملیون و چوارسەد ساڵ درێژەی کێشاوە و لە نێوان ٢٠٠٠-بۆ ٦٠٠٠ پێش زاین کۆتایی هاتووە (بە دوای ئەم مێژووەشدا شارستانیەتی کشتوکاڵی دەرکەوتووە کە مرۆڤ تێدا فێری کشتوکاڵ و ئاژەڵ پەروەردەکردن و نیشتەجێ بوون بووە ئەمەش مێژووەکەی ئەگەڕێتەووە بۆ نێوان ٤٥٠ ساڵ بۆ ١٠٠٠٠ هەزار پێش زاین. ئەم هۆشیاریەی مرۆڤ بە لوغزی عەشتار ناوبراوە ، کە پابەندە بە مێژووی شارستانیەتی بابلیەکانەوە ، وەکو پێشتر باسم کرد چوون سروشتی زەوی و کشتوکاڵ بە سروشت و بەرهەمی ژنەوە چوێندرابوو .

عەشتار خوداوەندی گەورەی دایک بووە ، هێمای خۆشەویستی و سێکس و جوانی و میهرەبانی ، هێز و شەڕ بووە لای بابلیەکان ، بەرانبەر بەمە (ئینانا) لای سۆمەریەکان ، عەشارۆت لای فینیقیەکان، ئافرۆدیت لای یونانی ، ڤینۆس لای ڕۆمانی و دایکە میترا لای کورد. بە شێوەیەکی گشتی لای هەموان هێمای خوداوەندی دایک ، پیت و بەرەکەت زاڵ بووە بە سەر هێماکانی دیکەدا کە لە سەردەمی بابلیەکاندا باوەڕییان پێ بووە . عەشتار کچی خوداوەندی مانگ ' سین ' بووە ، دایکی خوداوەند ننکال بووە ، براکەی ' ئۆتۆ' خوداوەندی هەتاو ، خوشکەکەی ' ئەرشیکیجال' خوس سداوەندی جیهانی ژێر زەوی واتە خوداوەدنی مردووان بووە. چیرۆکی عەشتار بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە گەلگامشدا داڕێژراوە. [١]

ئێزەدی شەهید تێکەڵاوی ڕاستەوخۆی بە خواژنەوە هەیە، لەباوەڕی گەلانی کۆنی زاگرۆس و نێوان دووڕووباردا ئەم پێگەیە

١- شروین وکیلی، اسطوره ی آفرینش بابلی، نشر علم ١٣٩٣ تهران، ص ١٢٣

هێقم و بەتینە، لەم دوو ئاستەوە ئەم گرنگییەیان بینیوە بەم شێوەیە:

- ئافراندن: باوەڕیان وابووە کە ژن توانای ئافراندن و بەخشینی ژیانی هەیە.

- منداڵ بوون: بەرهەمهێنانی نەوە و درێژەدان بە ژیان.

لە بەشێکی زۆری ئوستوورەکانی سۆمەریدا ناوی (ننخرساک) – Ninhursag دەهێنرێت کە لەزمانی سۆمەریدا بەمانای خودادایک دێت، سەرباری هەندێ ناوی تر، ئیستەش لەکوردەواریدا بە دایە گەورە نەنە دەگوترێت.

ساموێل نوح کریمر باوەڕی وایە (ننخرساک) خودا دایکە و ئانا خوداوەندی بەرپرس لە خۆشەویستی و منداڵ بوون و ئامادەبوون بۆ چاندنە[1].

دکتۆر فازڵ عەبدولواحید لە کتێبی (عشتار ماساة تموز) باوەڕی وایە (ئینانا- عەشتار) خواوەندی دایکە ودەڵێت: گومانی تێدا نییە ئانانا لای سۆمەریەکان خواوەندی دایکە و نازناوی Ama ی دراوەتێ.[2]

ئەم وشەیە ئیستە لەعەرەبیدا بە (ام) واتە دایک بەکاردێت ، لە زمانی هەورامیشدا تا ئیستە بە دایک دەوترێت (ئەدا) ، لەکۆیەش بە دایک (ئۆدا) دەڵێن ، سەرنج بدەین لە ئەما و ئەدا، ئەمە رێرای چەندین ناوی تری وەک (ئاجە- Aja )کە ئیستەش لەشێوەزاری

---

١- طه باقر، مقدمة في تاريخ الحظارات القديمة، ج١. بغداد ١٩٧٣، ص ١٩٥

٢ - دكتور فاضل عبدالواحد علي، عشتار ماساة تموز، دار الشؤون الثقافية، بغداد طبعة ثانية عام ١٩٨٦، ص٥٠

ئەردەڵانیدا ئابجی بەکاردێت، هەروەها وشەکانی (گوڵە- Gula)کەتا ئیستەش وەک ناو لەکچ دەنرێت.

لە میتۆلۆژیای بابلی دا (ئینانا) دەگۆڕدرێتە (ئیشتار)و (دووموزی) ش دەبێتە (تەمووز)[٢]، بەلام داستانی خۆشەویستیی بێ ئاکامی (ژن-خودا) و تۆڵەکردنی لە جێی خۆی ماوەتەوە، ئەم مووتیڤە دەڕواتە کەنعان و شارستانیەتی ئۆگاریتو لەوێوە وەکوو چیرۆکی پێغەمبەرێکی پاکداوێن بە ناوی یوسف دەچێتە ناو کتێبە پیرۆزەکان (واتە تەوراتو ئینجیلو قورئان) کەدێتە ئێران ناوی چیرۆکی (سیاوەش)ی لە سەر دادەنرێت. کوردیش وەکوو نەتەوەیەکی ئەم بیاڤە فەرهەنگیە خاوەن گێڕانەوەییکی خۆجێییە لەم ئوستوورەیە کە لە چوارچێوەی چیرۆکی مەم وزین دەیناسین.

جیاوازی بەرچاوی چیرۆکی (سیاوەش)و مەم لە گەڵ ئەوانی دیکە، گۆڕانی پیشەی خوداوەندی شەهیدە.

**شۆستن لاشەی پاک کافوور ئەندازش**
**عەترامێز کەردن جاگە و جنازش**
**نیان ئەو کەفەن لاشەش دەر زەمان**
**وەندشان چەندێ ئایات قورئان**
**هوون سیاوەحش جە نۆ جۆشاوە**
**ستوون ئەیوان کەیوان کێشاوە**

---

٢ - لغز عشتار الالوهة المؤنثة واصل الدین والاسطورة، فراس السواح، ط. الثامنة، ٢٠٠٢، دار علاءالدین، سوریة-دمشق، ص٢٧

لە چیرۆکە کۆنترەکاندا ئەم خوداوەندە هەمیشە شوانە، کە ئەمەش دەتوانێ بۆ خۆی هۆکارێکی هەبێ بەو مانایە کە ئەم چیرۆکە لە لایەنێکەوە باس لە گۆڕانی شێوەی ژیانی ئینسان لە شوانی و ئاژەڵداری بۆ هیتیاری دەکات (شوان دەکوژرێ و دەبێتە قوربانی گیاو هیتیاری).

نموونەی هەرە بەرچاوی شینگێڕی بۆ ئیزەدی گیایی، شینی سیاوەشە کە لە ئێرانی پێش لە ئیسلامدا بەڕێوە دەچوو لە هێندێ شوێن وەکوو شیراز تەنانەت تا سەدەی بیستەمیش مابوو. ئەو ڕێورەسمە ئەوەندە بەهێز بوو کە پاش زاڵ بوونی ئیسلامیش توانی خۆی رابگرێتو لە ڕێگای گۆڕانی ناوی پاڵەوانەکانەوە بە ژیانی خۆی درێژە بدات. شینی سیاوەش بە زۆربەی تایبەتمەندیەکانیەوەو زۆرینەی سەمبولەکانیەوە لە ژێر ناوی عاشوورای حوسێنیدا دیسان بەهەمان هێزی پێشوویەوە سەری هەڵێناو ئێستاکەش هەر ساڵ لە ناو شیعەکاندا بە تینێکی تایبەتەوە بەڕێوە دەچێت. لێوردبوونەوە لە سەر ئاڵاو بەیداخەکانی ڕۆژی عاشوورا کە پڕن لە نیشانەکانی ڕێورەسمێکی وەرزێری( وەکوو درەختی سەرووو گیاو باڵندەو هتد) سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە عاشوورای حوسێنی درێژەدراوی شینی سیاوەشەو یەکبونی و یەکسانی ئەم دوو ئایینە دەخاتە بەرچاو.

سیاوەشان ئوستوورەی مەرگ و ژیانە کە ریشەیەکی میترایی هەیە[1]، لە هیندستان ناوی رامادین ە، سیاوەش لەناو گەلانی

١- عیسی نجفی- سحر یوسفی- زهرا رستمی، بررسی جنبەهای پیوند سیاوش با آیین مهری، فصل نامە متن شناسی ادب فارسی، شمارە سوم، سال ١٣٩٧، ص ١٢٣

ئاریاییـدا، دومـوزی یـان تەمـووز لـە نێـوان دوو روبـاردا بەعـل لـە سـوریا، یوسـف لەنـاو کەنعانـدا، ئەمانـە نیشـاندەری مـەرگ و ژیانـی دووبارەن.سـیاوەش پێتـی خوداوەنـدی شـەهیدە، قوربانیـدان لەپێنـاو تـۆم و گیـادا و دەرکەوتنـەوەی لـە نـەورۆزدا، ژیانـەوەی سروشـت لەبەهـاردا هێمـای زیندوبوونـەوەی سیاوەشـە.[1]

بەشـێوەیەکی گشـتی شـینی سـیاوەش هاندانـی هێـزی خێـرە لـە ئاسماندا بـۆ درێژەدان بـە بەخششـی سـاڵانەکەیان بـۆ سـەرچاوەکانی ژیـان.[2]

چەمـەری بنەمـای زاگرۆسـی شـینگێڕی خوداوەنـدی شـەهیدە، کەئێسـتە ئـەو ڕەسـمە کاڵ بوەتـەوە، لەناوچەکانـی ئیـلام و لوڕسـتاندا هێشـتا وەک خـۆی بەرگـوزار دەکرێـت،

بـەڵام شینگێڕی ژنـان و لەخودانیـان بۆ مەرگی ئازیزانیـان بچمێکی بازمەندەی ئـەم مەراسیمەیە[3]

شـین و شـینگێڕان، چەمـەری، ئاڵایـی، کۆتەڵگێڕان و لەبانگدان) دەکات کـە لـە کۆنـدا بریتـی بـوون لـەو ڕێوڕەسـم و دابونەریتانـەی کـە بـۆ کەسـی مـردوو دەکوتـران و سـاز دەکـران».[4]

١- پلوتارک،حیـات مـردان نامـی، جلـد سـوم، ترجمـه رضـا مشـایخی، شـرکت انتشـارات علمـی و فرهنگـی، چـاپ سـوم.١٣٦٩، ص٤٦

٢- سیاوشان، علی حصوری. نشر چشمه، تهران ١٣٦٤. فصل درآمد. ص١٥

٣- فریا اسـتارک، سـفرنامه الموت و لرستان و ایلام، ترجمه علی محمد سـاکی، انتشـارات علمی: تهـران١٣٦٤

٤ - حمدالله نـوروزی ،« بررسـی تطبیقی مشـترکات آیین سـنتی چمر در ایلام و نمایش تـراژدی در یونـان » فرهنگ ایلام، بهـار و تابسـتان ١٣٩٠، شـماره ٣٠ و ٣١، ص. ١٥٨

## چەمەری

شـێوازێکی مۆسـیقای شـین گێـڕێ کـە لـە ناوچەکانـی سـەر بـە زاگرۆس دا وەک لۆرستان و ئیلام و کرماشـان ئێستاش هـەر باوە و بـۆ لـە دەسـت دانـی ئازیـزان بـە دەهـۆڵ ۆ زوڕنـا لێـدەدرێ[1]..

لـە هەوراماندا هەمـان مەراسـیمی چەمـەری هەیـە و پێـی دەوترێت کۆتـەڵ ، لەکاتی مردنی کەسـێکی ناوداردا ئـەم مەراسـیمە سـازکراوە، ڕێپێوانێکـی هونەریانـەی سـەیرە، بەشـداران لـە کۆتەڵـدا دەبنـە چەنـد ریزێک، ئەوانـەی دەکەونـە پێشـەوە ئەوانـەن کـە جلی رەشیان لەبەردایە یان پەڕۆی رەش یان نیلی یان کردوەتە ملیان، لەناوەڕاستدا داهۆڵی مردوەکـە دروسـتکراوەو جلەکانـی کراونەتـە بـەر داهۆڵەکـە لەگـەڵ بەشـێک لـە کەلوپەلەکانـی وەک تفەنـگ و کوڵەبـاڵ و تەسـبیحەکانی و سـواری ئەسـپەکە کـراوە، ریـزی تفەنگچییەکانـی کەسـە ناودارەکـە ئەمـلاو ئـەولای ئەسپەکەیان گرتـووە، کاروانـی کۆتەڵچییـەکان قوڕیـان گرتووەتـە سـەریان، یـا سەرشـانەکانیان قـوڕاوی کـردووە، ئەوانـەی تفەنگیـان هەبـووە لولـەی تفەنگەکانیـان بـەرەو خـوارەوە بـووە.

---

١- علی حصوري ، سیاوشان، نشر چشمە: ١٣٧٨تهران. ص١٠٩

**بشنەو جە بەنگین یاوەران ئەخبار**
**بدیە چێشش کەرد  یار وەفادار**
**سواران نیلی ئەسپان هەم نیلی**
**پۆشان قەڵاخی تەولەها فیلی**
**بەیداقێ جە نیل نیلی کەرد وە پا**
**گرەو بەردەبێ جە نیلی سەما**

ریزی ژنانیش لە کۆتەڵدا بەشدار بوون، ژنانیش قوڕیان گرتوەتە سەریان و پەڕۆی رەشیان بەسەریاندا داوە کە بەهەورامی پێی دەڵێن قەڵاخی ، لەناو هەورامییەکانا دوعایەکی ژنانە تا ئێستاس ماوەتەوە ژنێک بە ژنێکی تر دەڵێت : « قەڵاخی دەی سەرەتەرە».

دەهۆڵ و زوڕنا لێدەدرێت بە ئاوازی تایبەت کە ئیسە بەو ئاوازە چەمەری دەگوترێت، شایەر و بەیت بێژەکان بەیتی لاوانەوەیان بۆ پیاوە گەورەکە وتوە، گۆرانیبێژان گۆرانی خەمگین، لەگەڵ ئەمەدا وەک باگراوند هەموو بەشداران دەڵێن ئاغە رۆ، تاتە رۆ واتە گەورەم رۆ، باوکە رۆ.

ڕێوڕەسمی کۆتەڵ بەیانیان تا نیوەڕۆ بەردەوام دەبێت، بەشداران بۆنانی نیوەڕۆ لەماڵی گەرەی دێ نان دەخۆن ، دواتر دیسان ئاڵای کۆتەڵ بەردەوام دەبێت تا ئێوارە.

ئەم مەراسیمە چەند رۆژ تا هەفتەیەکیش بەردەوام دەبێت،ئاڵای کۆتەڵەکە پارچەیەک قوماشی رەشە پانیەکەی مەترێک و درێژی دوو مەتر، بە دوو دارەوە بەسراوە، دوکەس دارەکانیان گرتوەو ئاڵاکەیان بەرز کردوەتەوە.

دراوسێ دێیەکانی دەوروبەری ئەو دێیەی کە کۆتەڵی هەبووە، بە ئاڵای رەشەوە هاتوون لە مەراسیمەکەدا بەشداریان کردووە،

ڕۆژانـی پرسـە و کۆتـەڵ پەیوەسـتبووە بـە توانـاو پێگـەی کەسـەکە.

کەسـوکاری مـردوو بەتایبـەت ژنانیـان جلـی رەش یـان شـینیان پۆشـیوە، تامـاوەی چـل ڕۆژ ئـەم بەرگەیـان دانەکەنـدووە، خەنـەو وسـمەیان نەگرتووەتـە سـەریان، پیـاوان ریشـیان نەتاشـیوە، بەشـداری ئاهەنـگ و زەماوەندیـان نەکـردووە، هەندێجاریـش لـە هەفتـەی یەکەمـدا یـان لـەدوای چـل ڕۆژە کەسـە نزیکەکانـی مردوەکـە داوا لەخەڵـک و کەسـوکار دەکـەن پرسـە تەواوکـەن و ریـش بتاشـن وژیـان ئاسـایی بکەنـەوە.

شـینی سـیاوەش و شـینی مـەم، دوو رێورەسـمی هاوتەریبـو دوو گێڕانـەوەی یـەک دابـن.

لـە داسـتانی مەموزینـدا ئـەو بەشـە گۆڕاوە بـەڵام هـەر لـەو مووتیڤـە دەیان چیرۆکـی سـەربەخۆو جۆراوجـۆر سـەری هەڵێنـاوە تـا رادەیـەک کـە رەوتـی خۆشەویسـتی نێـوان شـوانو کچـە ئەمیـر یـان کچەخـان بـووە بـە ناوەڕۆکـی بەشـێکی زۆر لـە بەیتـو چیرۆکـە کوردیـەکان بـۆ هەمـوان ناسـراوو ئاشـنایە.

## ئەدەبیاتی زارەکی هەورامی

هەورامییەکان لە کۆنترین نەتەوەکانن، لە چەرخی گەشەی شارستانیەتی خۆیان قۆناغگەلێکی جۆراوجۆریان تێپەڕاندووە و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی زۆریان ئەزموون کردووە، بەو پێیەی ئەدەبیاتی زارەکی هەر گەلێک لە ئەدەبیاتی نووسینەکیەکەی کۆنترە، کەوایە ئاساییە ئەدەبیاتی زارەکی هەورامیش لە ئەدەبیاتی نووسینەکەی کۆنتر بێت.

لە چاوپێخشاندنێک دا دەتوانین هۆنراوە زارەکی و فۆلکلۆرە هەورامییەکان دابەش بکەین بۆ دوو جۆر:

- داستانی
- غەیری داستانی

هۆنراوەکانی کۆمەڵەی یەکەم کە ژمارەیان زیاترە لە جۆرەکانی دیکە، بە پێی رووداوەکانی مێژووی ناوچەکە، شەڕ و ناکۆکی نەتەوەیی وئایینیەکان، هەڵگیرسانی شەڕ ، هەروەها چیرۆکە ئەوینییە بێ ئاکامەکان و دڵداریە سەرکێشییەکان نووسراون و بە شێوەیەکی گشتی پێیان دەوترێت بەیت.

ئەگەر سەرەنجی دێڕەکانی مە م وزین بدەین، دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە شاعیری هەورامی زمان لە زۆربەی چیرۆکەکەدا تاڕادەیەک لایەنی گشتی پاراستووە و داستانەکەی بە مێشکە داهێنەرانەکەی خۆی دایڕشتۆتەوە، ئەمەش ناکرێ نادیدە بگیرێت لە توانایی هێزی ئەو زمانە، کەوابوو، هەر نوسینێک دەرخەری توانای زمان و شوناس و دواتر جەدەلی نێوان زمان و شوناسە کە دەبێتە هۆکاری بەرهەمهێنانی کاری جوان و ناوازە.

# زمان و شوناس

## زمان

زمـان هەماهەنگیەکـە لەنێـوان ئامـاژەو هێماکانـدا، کـە ئامرازەکانـی زانیـن پێـک دەهێنێـت، زمـان گرنگتریـن هـۆکاری تێگەیشـتن و بەریـەک کەوتنـی نێـوان تاکەکانـی کۆمەڵگەیـە لەگشـت بوارەکانـی ژیانـدا، بەبـێ بونـی زمـان پەیوەنـدی نێـوان تاکـەکان درووسـت نابێـت.

زمـان پەیوەسـتییەکی بەهێـزی هەیـە بـە بیرکردنـەوەوە، بیـری مـروڤ هەمیشـە لەبۆتـەی زمانـدا دادەڕێژرێـت، بگـرە لەکاتـی بیرکردنـەوەی ناخدا،تەنهـا لەڕێگـەی زمانـەوە دەگەیـت بـە بوونـی راسـتەقینەی بیرۆکـەکان.

### زمان دابەش دەبێت بەسەر چەند کۆمەڵەیەکدا لەوانەش:

-خێزانـە زمانییـەکان: کۆمەڵـە زمانێکـن لـە بنەڕەتـدا هاوبەشـن، زۆرێـک لـە زانایـان کـۆک نیـن لەسـەر دابەشـکردنی زمانـەکان، هەندێـک لەمانـە خـودان تایبەتمەنـدی و بنچینـەی هاوشـێوەن،ئەمە سـەرباری هەندێـک جـۆری لاوەکـی وەک:

- زمانـە دروسـتکراوەکان : ئـەو زمانەیـە کەسـێک یـان چەنـد کەسـێک دروسـتیان کـردوون و بەشـێکن لـە کەلچـەر وەک زمانـی شـێوەو زمانـی پرۆگرامسـازی[1]

(١) الألسـنية التوليديـة والتحويليـة وقواعـد اللغـة العربيـة « النظريـة الألسـنية « ، الدكتـور ميشـال زكريـا ، المؤسسـة الجامعيـة للدراسـات والنشـر والتوزيـع ، ط١ ـ ١٩٨٢ ـ ص : ٢٥

زمان مرۆڤ لەگەل زیندەوەرەکانی دیکەدا جودا دەکاتەوە، چونکە زمان بیری بنیات ناوە، وەک ئەوەی چۆمسکی پێی وایە زمان پەیوەستە بە توێژینەوەی هزری مرۆڤایەتییەوە، زمان بەشێوەیەک لە شێوەکان دەیسەپێنێت بەسەر مرۆڤدا بیر بکاتەوە و ئەوە بە دوو دیوی دراوێکی دەزانێت، کۆمەڵێک هێمای زمانەوانی دەبنە دەروازەی بیرکردنەوەی هزری مرۆڤ، لەباسکردنی هێمایەکی زمانەوانییەوە دەروازەی خەیاڵێک ئاوەڵا دەبێت.

چەمکی فەلسەفەی زمان جەخت لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی دەکات ، بەپێی ئەو هێما زمانەوانیانەی کە بیری مرۆڤ دەتوانێت دروستیان بکات.[1]

بیری مرۆڤ پەیوەستە بەتایبەتمەندییە سروشتییەکەیەوە و زمانەکەشی کۆی ئەو هێمایانەیە کەلەدەورووبەریدا هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت گوزارشت لە شتەکانی ناخی و دەورووبەری بکات و ئەمەش وایکرد زمان بێتە ئاراوە.

تایبەتمەندی زمانی سروشتی ئەوەیە سیستمێکی هێماییە جیاواز لە سیستمە هێماییەکانی دیکە، زمان کۆی سیستمێکی هێماییە وەک ئامرازێک تاک بەکاری دەهێنێت بۆ گوزارشت لە مەبەستەکانی و بەرقەرارکردنی پەیوەندی لەگەل ئەوانی تردا بەهۆی ئاخاوتن و نووسینەوە.[2]

---

(١) خليل أحمد عمايرة، في نحو اللغة وتراكيبها، منهج وتطبيق ، عالم المعرفة، جدة ، ١٩٨٤م، ص٥٥ -٥٩.

(٢) محمد محمد يونس علي، وصف اللغة العربية دلاليا في ضوء مفهوم الدلالة المركزية: دراسة حول المعنى ومعنى المعنى (طرابلس: منشورات جامعة الفاتح، ١٩٩٣)، ص ٢٤.

بونیـادی سـتراکتۆری زمـان بەرلـەوەی هێمایەکـی گـۆ کـردن بێـت کـۆی ئـەو شـتانەیە هـزری مـرۆڤ بەرهەمـی دەهێنێت،بـۆ ئـەوەی بەرهەمهێنراوەکـە بخرێتـە نـاو فۆرمێکـی سـتاتیکییەوە بیـر لەڕێکخسـتنی کرایـەوە لەشـێوەیەکی ئەندازەییـدا وەک ئـەوەی سوسـێر بـاوەڕی پێبـوو.

زمانەوانەکانی پێش سوسێر لـەو باوەڕدا بـوون زمـان پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە دەنگێک و ئـەم ڕەگـەزە مادییانـە دەکرێت ببیسترێن و گۆ بکرێـن، ئـەم پێناسـەیە وایکـرد بـەراورد بکرێـت لەگـەل خانـودا کـە بریتییـە لـە زۆرێـک بـەرد وچیمەنتـۆ و داروو پێکهاتەکانیتـر، ئیبـن سـینا دژی پێناسـەکردنی خانـوو بـوو بـەم جـۆرە، پێـی وایەدەبێـت ڕەچـاوی پێکهاتـەو شـێوازی ئەندازەیـی وڕێکخسـتنی بکرێـت .[1]

هەمـان ڕەخنەبـوو کـە سوسـێر لـەو کەسـانەی دەگـرت کـە باوەڕیـان وابـوو زمـان دەنگـە، بەبـێ ئامـاژەدان بـە تایبەتمەنـدی سیسـتمە زمانەوانییەکـە.

(١) ابن سينا، منطق المشرقيين ،بيروت، دار الحداثة، ١٩٨٢، ص ١٠٣.

## شوناس

شـوناس ئـەو پەیوەندیـە ئۆرگانیەیـە مرۆڤـی پـێ دەناسـرێتەوە، لێرەدا شـوناس مەبەسـت لـە ناسـنامە یـان شناسـنامە نییـە، زانایانـی دەروونناسـی شوناشـی مـرۆڤ بـەو قۆناغـە جیاوازانـەی دەستنیشـان دەکـەن کـە مـرۆڤ پێیـدا تێدەپەڕێـت وەک منداڵـی، مێرمنداڵـی، لاو، کامڵ، پیر، کۆمەڵناسەکانیش وای دەبینن کە شوناس بریتییە لە وەی کەسـێک هەسـتی پەیوەسـت بـوون بـکات بـەو کۆمەڵگەیـەی تێیـدا دەژی یـان مەیلـی بـۆی هەیـە. میتافیزیکەکانیـش بـە (جەوهەروبەهـای عەقـڵ) ی دەبینـن. [1]

لـەم دیدە جیاوازانـەوە بـەوە گەشـتین کە شـوناس بریتییە لـە راسـتی و بەهـای خـود و یەکێتـی پەیوەسـتبوون و مەیـل و یەکسـانی و لێکچـوون، ئەمـە دەروازەیـەک بـۆ بابەتەکـەی ئێمـە کـە زمـان چ شوناسـێک دەداتـە بەکارهێنەرانـی.

(١) الشـريف الجرجانـي: التعريفـات. بيـروت: دار الكتـب العلميـة، ١٩٨٨، ص٢٥٧، والمنـاوي: التوقيـف، مصـدر سـابق، ص٢٥٧.

## زمان و شوناس

یەکێک لەپێکهاتەی هەرنەتەوەیەک زمانە، زمان مەیلی ئاخێوەرانییەتی بۆ گوزارشت کردن لەشتەکانی خۆیان،ئەمەش بۆ دەستەجەمعی هەرنەتەوەیەک و تاکەکانیشی دەبێتە شوناس.

زمان ئامرازی ئاخاوتنی کۆمەڵێکە کە رەنگدانەوەی هزرو کۆی بەرهەمهێنراوە زمانەوانییەکانی هەر گەلیکە، وکۆمەڵە دەنگێکە هەر گەلێک مەبەستەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت.(١)

ئەم بۆچونە سێ رەگەزی (ئاخێوەر) مان بۆ دەردەخات و دەکرێت بە (پێکهاتەی زمانی) ناوی ببەین، ئەویش( دەنگەکان، گەل و نەتەوە، مەبەست) ن، پەیوەندی نێوان دەنگەکان و مەبەست ئاماژەیە بۆ بابەتێکی ئاشنا، ئەویش ئەوەیە کە زمان لە راستیدا رەنگدانەوەی هزرە، دەنگ شتێک نیە جگە لە ئاوێنەی هزر.

هزر یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی زمانە وەک ئەوی زمان ناسەکان بە (سۆسیۆلۆژیای زمان) ناوی دەبەن.(٢)

بنیامین لی وورف –یەکێک لە ناودارانی فکری زمانی ئەمەریکییە- دەڵێت: زمان بالادەستی هزرە، نەک بەهۆی وشەکانیەوەیەتی بەتەنها، بەڵکو بەهۆی بونیادی ناوەکی ئەو زمانەشەوەیە، (ئیبن جن)یش پێی وایە لەدەستدانی رەگەزێک لە رەگەزەکانی زمان واتە نابوت بوونی ئەوەی کە ماوە لەو زمانە.(٣)

(١) ابن جني: الخصائص، تحقيق محمد علي النجار، ط٢. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٤٠٦ هـ / ١٩٨٦ م. جـ ١ ، ص٣٣.

(٢) محمد السيد علوان: المجتمع وقضايا اللغة. الإسكندرية: دار المعرفة الجامعية، ١٩٩٥، ص١١٩.

(٣) ابن جني: الخصائص، تحقيق محمد علي النجار، ط٢. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٤٠٦ هـ / ١٩٨٦ م. جـ ١ ، ص٤٢.

هەریەک لەو رەگەزانەی بەهۆی زمانەوە گوزارشتیان لێدەکرێت بەرهەمی مرۆڤایەتین و لەناوچونیان دەبێتە هۆی لاوازبوون و نابووت بوونی سەردەم بەرهەمی مرۆڤایەتی، مرۆڤ پێچەوانەی ئاژەڵەکان ئامرازە دەنگییەکان بۆ مەبەستێکی هزری بەکار دەهێنرێت و کۆی ئەمانە دەبێتە کۆیەکی زمانی.

ئەو دەنگانەی لەشتەکانی ترەوە دەردەچن(جگە مرۆڤ) نابنە زمان، چونکە مرۆڤ بۆ گەیاندنی مەبەستێک و فکرێک ئەو کارە دەکات.(١)

کەواتە بنەمای کارکردن لە زماندا لەم کارەدا کارکردنە لەسەر فکری زمان و ئەو هەستانەی زمان ئاراستەیان دەکات و ئەمەش دەکرێت ناوی بنێین هزری زمان.

ئەرەستۆ پێی وایە زمان بەرهەمێکی دەنگییە بەهەماهەنگی هزر لەپێناو بەمانادار کردنی دەنگ.(٢)

بەشێوەیەکی گشتی وەک ئەوەی (سبرسن) باسی دەکات جەوهەری زمان چالاکی مرۆییە، چالاکی لەلایەن تاکەوە بۆئەوەی دەوروبەر لێی تێبگەن، چالاکی دیگەرانیش ئەوەیە تێبگەن چی لە ئاوەزی تاکدایە.(٣)

توێژەر باوەڕی وایە زمان ئامرازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە، کاریگەری لەسەر خود و بەرامبەر هەبێت، هەرچی دەنگ و وشەکانیشن یارمەتی دەری ئەم پرۆسەیەن بۆ ئەوەی زمان و شوناس کاری یەکتر تەواو بکەن.

(١) نعيم علوية، بحوث لسانية بين نحو اللسان ونحو الفكر، المؤسسة الطليعة للدراسات والنشر والتوزيع، ط١٩٨٦،٢ بيروت، ص٢٢٧

(٢) علي عبد الواحد وافي: اللغة والمجتمع. ط٤. جدة: شركة مكتبات عكاظ للنشر والتوزيع، ١٤٠٣ هـ - ١٩٨٣ م، ص٧.

(٣) محمد حماسة عبد اللطيف: النحو والدلالة. القاهرة: ١٩٨٣، ص٣١.

## جەدەلی زمان و شوناس

پاش کردنەوەی دەروازەیەکی بچوک لەڕوی زمان و شوناسدا، بەدەرنجامێک دەگەین کە سەرەتایەکی بنەڕەتییە بۆ توێژینەوەکەی ئێمە ئەویش پەیوەندی نێوان زمان و شوناس، شوێنی زمان لە پێکهاتەی رەگەزی شوناسدا، جایگای زمان لە تیۆرییەکانی شوناسدا.

ئەگەر زمان ئەو تایبەتمەندییە زمانییە بێت کە عەقڵی دەستەجەمعی پێچەوانە دەکاتەوە بۆ دەستەیەک لە مرۆڤەکان، گوزارشت لە بینینی ئەوان بۆ جیهانی دەورووبەریان دەکات، ئەگەر شوناس حەقیقەت و خود و بەها بێت، کەواتە زمان وێنەیەکی زیندوی ناخ و بەهای بەکارهێنەرانییەتی .

سەرنج بدە، «حەقیقەت، خود، بەها» وشەن، بەڵام زمان کەرەسەی هاوبەشی ئاخێوەرانیەتی، وەک دەبینرێت زمان بەشێکی جیانەکراوەی شوناسە لەلای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، چونکە ئەوەی هەڵگرانی زمانێک کۆدەکاتەوە تێگەشتن و گوزارشت کردنیانە بەو زمانە، کەواتە شوناسیان زمانەکەیانە، بەوەی لەوانەی جودایان دەکاتەوە کە لێیان حاڵی نابن، پەیوەندی زمان و ئاخێوەرانی پەیوەندییەکی ئۆرگانیکییە و پێی دەناسرێتەوە، بەمانایەکی تر (زمان) شوناسە و (شوناس) زمانە.[1]

---

(١) برتيل مالبر، مدخل إلى اللسانيات، ت.السيد عبد الظاهر، القاهرة – مصر، ٢٠١٠م، ص٢٩٧

زمـان ناتوانێـت ئەركەكانـی بەڕێوەبەرێـت لـەدەرەوەی سـیاقە كۆمەڵایەتـی وسیاسـی و كلتورییەكەیـەوە، ناكرێـت زمانێـك بـاس بكرێـت بەبـێ ئـەوەی كلتووروجوگرافیـاو فەرهەنگـی بەكارهێنەرانـی لەبەرچـاو بگیرێـت.

كۆمەڵناسـەكان زمـان وەك راسـتییەك و دیاردەیەكـی كۆمەڵایەتـی دەبینـن، هـۆكاری رێكخسـتنی كۆمەڵایەتـی بەكارهێنەرانییەتـی، لێرەوە دەركـی پەیوەسـت بوونـی گـەلان بـە زمانەكانیانـەوە دەكەین،چونكـە تـاك هەمیشـە پەیوەسـتە بـە بونیـادە كۆمەڵایەتییەكەیـەوە.[1]

لەكۆتایـی سـەدەی نۆزدەهەمـدا چەندیـن تیـۆر لەسـەر فكـری شـوناس سـەریان هەڵـدا، تیۆرییەكانـی ئەڵمانـی، فەرەنسـی، ئیتاڵـی، ماركسـییەكان، ئیسـلامییەكان، شـۆڤێنییەكان.

هەندێـك لـەو تیۆرییانـە جەختیـان لەسـەر زمـان دەكـرد، تیـۆری ئەڵمانـی كەلەسـەر فەلسـەفەی هیـگڵ بنیاتنرابـوو بـاوەڕی وابـوو (بنەمـای نەتـەوە شوناسـە و پێـوەری راسـتەقینەی زمانـە)، (هیـردەر) یـش دەیگـوت دڵـی گـەل لەزمانـی گەلـدا لێدەدات.[2] هەرچەنـدە ئێسـتە ئـەو تیۆریانـە تـا رادەیەكـی زۆر كاڵ بوونەتـەوە، دەكرێـت نەتەوەیـەك زیاتـر لـە زمانێكـی هەبێـت، یـان زمـان هەیـە لەبنەمـادا نەتـەوەی نییـە، وەك زمانـی هێمـاو ئامـاژە.

(١) الشـريف الجرجانـي: التعريفـات. بيـروت: دار الكتـب العلميـة، ١٩٨٨، ص٢٥٧، والمنـاوي: التوقيـف، مصـدر سـابق، ص٢٥٨.

(٢) محمـد عبـد الشـفيع عيسـى: نظريـة الحصـري فـي القوميـة العربيـة: جدليـة الإثبـات والنفي. (بحث ضمن: سـاطع الحصـري: ثلاثون عاماً على الرحيل). بيـروت: مركـز دراسـات الوحـدة العربيـة ومعهـد البحـوث والدراسـات العربيـة بالقاهـرة، ص١٤٧، ١٤٨.

کاتێـک زمانێـک هاوبەشــە لەنێـو نەتەوەیەکـدا کـە تـەواو یـان زۆرینـەی تاکەکانی بەبێ گرفت لەیەکدی تێبگـەن بـە ئاسـتێکی بـاش، پرسـیار ئەوەیـە ئایـا کرمانجێـک چەنـد لەسـەدی هەورامـی تێدەگات؟ زازایـەک و سـۆرانیەک چەنـدە لەیـەک حاڵـی دەبـن؟ ئەگـەر زمانـی لێک تێگەشـتنی کرمانجێکـی دهـۆک و فەیلییەکـی بەغـدا کەهەردوکیـان خۆیـان بـە کـورد دەزانـن، عەرەبـی بێـت، مایـەی دانانـی نیشـانەی پرسـیار و سەرسـوڕمان نییـە لـەو بابەتـە؟

## زوانی هەورامی لە رەوتی دیرۆكیدا

زمانـی هەورامـی وەک زمانەكانـی تـر گۆڕانـكاری بەسـەردا هاتـووە، وەک ئـەوەی گۆڕانـكاری بەسـەر شـتەكانی تـردا هاتـووە.

دەبێـت ئـەوە بزانیـن زمانـی دایكـی رۆژێـک دەسـتی پێكـردووە كـە پێشـینەكانمان لەسـەر ئـەم بومـە و بـەم زوانـە ئاخاوتـوون یـان بەزمانێـک كـە ئیسـە هەورامـی میراتگرییەتـی .

دكتـۆر حەبیبوڵـلای تابانـی لەكتێبی(وحـدت قـوم كـورد ومـاد) دا دەڵێـت:» پێـش هاتنـی هـۆزە ئاریاییـەكان بـۆ چیاكانـی زاگـرۆس، زوانـی (هوریانـی) لەنـاو زاگرۆس نشـینەكاندا بـەكار دەهـات كەزوانـی رەسـمی دەوڵەتـی میتانییـەكان بـوەو هیـچ پەیوەندییەكـی بەزوانـی هینـدوو ئەوروپاییـەوە نییـەو زمانـی رەسـەنی زاگـرۆس نشـینەكان بووە،هوریانی زمانێكی باو بووەو پەیوەندی لەگەڵ زمانی(لولوبییەكان و كاسـی و گۆتییـەكان)دا هەبـووە، كاتێـک ئاریاییـەكان دێنـە ناوچـەی زاگـرۆس لەگـەڵ زمانـی رەسـەنی ناوچەكـە كەزمانـی هوریانـی بـووە تێكەڵدەبـن و دواتـر ئـەو زمانـە دەكەنـە بنەمـا بـۆ زمانێكـی نـوێ كـە زمانـی (مـاد) ییـەكان بـوەو دواتریـش ئاوێسـتای پـێ نووسـرایەوە».[1]

ئەوەتـا زمـان نـاس و ئاوێسـتا ناسـێكی وەک (ژان كلنز، لیژ) بـاوەڕی وایـە ئەلفـا بێـی ئاوێسـتایی هاوشـانی ئەلفابێـی یۆنانییـە.[2]

(١) حبيب‌اللـه تابانـي، وحـدت قومـي كـرد و مـاد: منشـاء، نـژاد و تاريـخ تمـدن كردسـتان نشـر طسـترة، تهـران، تاريـخ نشـر : ١٣٨٠، ص١١٥.

(٢) راهنماي زبان هاي ايراني، جلد اول، انتشارات ققنوس، تهران١٣٨٢، ص٧١

شـانامە لەهەورامیـدا بەمانـای (نامــەی شـا) دێـت و وشــەی (شـا) بەمانـای گـەورەو خاوەنـدکار دێـت، ئێسـتەش لەنـاو یارسـانەکاندا و عەلەوییەکانـدا (شـا) هـەر بەهەمـان مانـا دێـت و ئەوەتـا هەریـەک لـە ( شـاعەلی و شاخۆشـین و شـای هەورامـان( سـوڵتان ئیسـحاق) کـە دەرکەوتـەی خودایـن لەسـەرزەویدا ئـەم پێشـگری (شـا) یـە بەناوەکانیانـەوە هەیـە، کەواتـە (شـانامە) واتـە نامـەی ئافرێنـەرو خاوەنـدکار.

لای (پارتییـەکان) یش بەهەمـان مانـای ( نامـەی خـودا) دێت و پێیـان گوتووە(خوتاینامـە)، (خوتـا) بەمانـای (خـودا) و( نامـە) ش هـەر هەمـان مانـای نامـەو پەیامـی هەیـە.

خوا)، خشاە=خوا. [1]

کۆنتریـن ئاسـەواری کـورد کەمابێتـەوە (قەواڵەکانـی هەورامـان)ن، مێژوەکەیـان بـۆ سـەدەکانی(٨٨و٢٢و٢١) ی پێـش زایـن دەگەڕێتـەوە کـە ژمارەیـان ٣ دانەیەولەسـەر پێسـت نووسـراون[2]، لـە سـاڵی ١٩٠٥ لەکەتیبـەی (تەنگیـوەر) لـە ٥٠٠ مەتـری گونـدی تەنگیـوەری هەرێمـی (ژاوەرۆ)ی هەورامانـدا دۆزراونەتـەوە

لەلایەن دکتۆر (سەعید خانی کوردستانی)یەوە گەیەنراونەتەدەست پرۆفیسۆر (ئیلیس منس و کاولی)و ئێستە لە مۆزەخانەکانی بریتانیادان[3].

(١) کـورش نیکنـام،از نـوروز تـا نـوروز، انتشـارات فروهـر، تهـران، بـدون سـال چـاپ، ص ١٠٠

(٢) فلادیمێر مینۆرسکی، بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کورد ناسـی، و.لەفەرەنسـییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵلا، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی ٢٠٠٧، لا٧٩.

(٣) عـادل محەمـەد پـوور، شـەبەنگی زوانـی کـوردی هۆرامـی لەگاسـاکان تـا...، چاپخانـەی بابـان، ٢٠٠٨سـلێمانی، ل٣١.

زمانی میدییەکان بەجۆرێ دەوڵەمەند بووە دواتر هەخامەنشییەکانیش ئەو زمانەیان بەکار هێناوە و زمانی ئەوانیش بووە، بەڵگەش بۆ ئەوە، ئەگەر زمانی مادەکان و هەخامەنشییەکان یەک نەبووە ئەی چۆن دواتر کورش و داریوش و پاشاکانی تری هەخامەنشی بەردە نووسەکانیان خوێندوەتەوە؟

بەڵگەیەکی تر کەناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت هەوای شیعری هەورامییە لەسەر هەمان کێشی خۆماڵی کە هاوشانی هەوای شیعری تێکستە ئاینییە کۆنەکانی کوردە، دورە لەبەحری عەروزی عەرەبییەوە، ئەمە لە شیعری بەشەکانی تری کوردیدا نەک نابینرێت بگرە عەروزی عەرەبی لەو ڕێگەیەوە هاتە ناو شیعری کوردیەوەو کێشی خۆماڵی وەلانرا، ئەوەش بۆ شکاندنی هەیبەتی تێکستە ئاینییەکان و کێشی خۆماڵی شیعردا کەتەنیا لەتێکستە ئاینییەکانی یارسان و شیعری شاعیرانی هەورامی نووسدا مابوویەوە.

# مەم و زین بە هەورامی

لەسـەرەتاوە گوتـم کـە لەنـاو ئێزیدییەکانـدا چەنـد بەیتێکـی مـەم و زین هەیـە، هەروەهـا لـە موکریانیشـدا هەبـووە، ئەمانـە ئاسـایین چـون دراوسـێن و لەیەکتـر کاریگـەری وەردەگـرن، بـەڵام هەرگیـز بەیـری زوربەماندا نەهاتـوە، ئـەم داستانە بـە هەورامـی هەبێت و جیاوازیشـی لەگـەڵ ئـەوەی خانیـدا هەبێت.

ئـەم دوو دەستنوسـە، یەکەمیـان سـاڵانێکە لـەلای نوسـەری بەڕێـز (کەیومـەرس نیـک رەفتـار) پارێـزراوەو کاری هێنانـە سـەر رێنوسـی ئەمـڕۆی بـۆ کـراوە.

ئـەم دەستنوسـە بەداخـەوە لەسـەرەتاوە ٣ لاپـەڕەی نەمـاوە و لـە کۆتایشـدا ٢ لاپـەڕە، تـا بـەوردی سـاڵی نوسـین و نوسـەرەکەی لەسـەر نوسـراوە بناسـرێتەوە.

بەڵام بە شێواز و جۆری نوسینەوەو بەبەراورد لەگەڵ دەسنوسەکانی هاوشێوەی خۆیدا لەڕوی نوسین و رێک خستن و تەنانەت کاغەزیشەوە، تەمەنی ئەم دەسـت نووسە زیاتر لە ٢٥٠ ساڵە.

کارەکتەرەکانی نێو داستانە هەورامییەکە بەم جۆرەن:

١- مەم کوڕی پاشای یەمەنە

٢- بەنگین، کوڕی وەزیری پاشای یەمەنە و هاوەڵی نزیکی مەم ە

٣- میـر زەینەدیـن میـری جەزیـرە ( لـە هەورامییەکـەدا جەزیـرە بـە وڵات هاتـوە)

٤- تاژدین وەزیر و زاوای میر زەینەدینە.

٥- خاتـوو زیـن و خاتـو یاسـەمەن خوشـکی میـر زەینەدیـنـن و یاسـەمەن ژنـی تاژدینـە.

٦- بەکر مەرگەوەڕ میر شکاری میر زەینەدینە.

دەستنووسـی دووەم یەکێکـە لـەو دەستنووسـانەی کـە دەساودەسـتی

زۆری پێکـراوە، لـە ناوەنـدی دەستنووسـی بەرلیـن و لەزانکـۆی ماردیـن و بەدەسـت لای چەنـد بەڕێزێـک ئـاگاداری بونیـان هەبـووم لەوانـەش بەڕێز پەروێز جیهانـی و لای دکتـۆر بیهرووز چەمـەن ئـارا، خۆشـبەختانە لەنێـو کۆمەڵـێ دەستنووسـدا لەناوەنـدی دەستنووسـی بەرلیـن کـە بەڕێـز د. پـەری وەریگرتبـوون کۆپییەکیـان دایـە بەنـدە، هەروەهـا د. ئەنـوەر سـوڵتانی هەنـدێ دەستنووسـی لەوڵاتـی بریتانیـا دەسـکەوتبوو، ئەویـش لوتفـی نوانـد، لەنێو ئـەم کۆمەڵـە دەستنووسـەدا ئـەوەی مـەم و زینـم بینـی، پێشـتریش لەسـەر ئـەوەی لای کاک کەیومـەرس کارم دەکـرد، بیـرم لـەوە کـردەوە ناکرێـت تەنیـا وەک تێکسـتێکی ئاسـایی بڵاوبکرێتـەوە بەبـێ لێکۆڵینـەوەو بەراوردکردنـی، هـەر لـەو روانگەیەشـەوە ئـەو لاقـۆرەم هەڵگـرت.

**سەرەتای عاشق بوونی مەم و زین لە داستانە هەورامییەکەدا:**

مـەم لـە یەمـەن شـەوێک خـەون دەبینێـت بـە خاتـوو زینـەوە و لەخەونـدا عاشـقی یەکتـر دەبن، هـەر لـە خەونەکـەدا پەیمانـی وەفـاداری و هاوسـەرگیری دەدەن و ئەنگوسـتیلە دەگۆڕنـەوە.

مەم کە بەیانی لەخەو هەڵدەستی خەونەکە بۆ بەنگین دەگێڕێتەوە:

یەک مەحرەمێش بی بەنگینە نامێ
رەفێقێ مونەس دەورێ ئەیامێ
دایم مەشغوڵ بی بە زەوق و بازی
چەنی مەم تەمام بە دڵ نەوازی
ناگا پەی شومی بەدبەختی حاڵش
چون قەقنەس بایر سۆچیا باڵش
شەوێ نە شەوان چەم نەشەکەر خەو
سێ پەری ئاما نیشت نەقەسری ئەو
یەکێ ژوان وات کێ وێنەی مەم بۆ
شۆقی جەمینش چون جامی جەم بۆ
دوەم وات یەکێ نە جەزیر هەندەن
شەوقێ نور جەڕوی ماه و خۆر سەندەن
سێیەم وات یاران بانەبۆ بە غەم
باوەریم بوزیم چن خوێشان بەهەم
تاکە بوینیم کامینەن شیرین
بۆی کۆی کامینەن چنۆ عەنبەرین
قبوڵشا کەر بە دیدەو بە گیان
عەزمشان ئاورد نەدڵ پەی لوان

هــەر لــە خەونەکــەدا مــەم و زیــن خۆیــان بــە یەکتــر دەناســێنن و ئــادرەس دەگۆڕنــەوە:

**عەشق ئاما جا گرت نەدو سینەی ساف**
**وێش کەردش بەیار دو سۆسەن کەڵاف**
**مەم واتش دیدەم چێشەن نامی تۆ**
**نا بیم گرفتار بەندی دامی تۆ**
**حۆری یا پەری مەسکەنت جەکۆن**
**راست بواچە پێم حاڵم هەن زەبون**
**واتش مەسکەنم شەهر جەزیرەن**
**میر زەینەدینش سەردار و میرەن**
**برادەرمەن نوری دنیاو دین**
**ئیسمی کەنیزت هەندەن خاتوو زین**

**نام و نیشانم گرد واتم پەرێت**
**بەڵێ تۆ واچە دەرد و حاڵی وێت**
**مەم واتش پەنەش ئەی نوری دیدەم**
**مونس پەی ئارام قەلبی رەمیدەم**
**بابۆم پادشا نامێ من مەمەن**
**موسەخەر بە ئەمر بابۆمەن یەمەن**
**ساکە ئێد شنەفت پەریسای پەری**
**بەرئاوەرد جەدەس ئەو ئەنگوشتەری**
**مەم هەم بەرئاوەرد ئەنگوشتەر جەدەست**
**کەردشان بەهەم ئی عەهد و پەیوەست**
**هەریەک نامەیە بەخەتی شیرین**

**مشک ئەفشانکەردەن نامەی عەنبەرین**
**هەردو دان بەهەم نامەی عەنبەر بار**
**نیان نەکیسە پەرێ یادگار**

دوای خەبەر بونەوەی مەم بە بەنگینە دەڵێ ئەم خەبەرە بدە بە باوکم کە شازادەی کوڕی توشی داوی خانمێک بوە بە ناوی زین لە وڵاتێکی دور

**شەهزادە واتش بەنگینەی عاقڵ**
**ببەرە ئەحواڵ پەی شاهێ عاقڵ**
**بواچە پەنەش شای سوخەن پەزیر**
**فەرزەندت مەبۆش خاتونی جەزیر**
**پەری شێوەیە خاتو زین نامەن**
**ئیسمی شەریفش مەشهور نە عامەن**
**میرزەینەدین براش شاهی جەزیرەن**
**پادشای بزورگ ساحیب وەزیرەن**

پاش ئەوەی بەنگینە دەگاتە دیوانی شاو داستانەکەی بۆ دەگێڕێتەوە پاشای یەمەن سەری لە ناوی جەزیرێ سەڕ دەمێنێت دەنێرێ بەدوای پیاو ماقوڵو زانایاندا دوای ساڵێک دێنەوە دەڵێن ئەو ناوە نازانین لەکوێیە .

**بەنگینە لوا پەی شا بەرد خەبەر**
**جەحاڵی فەرزەند گردین سەرانسەر**
**پادشا تەڵەب کەرد دانایانێ پیر**
**تاکە بواچان ئەحواڵی پەزیر**

**مەخلوقی یەمەن سیغار و کیبار**
**کەس نەشنەفتە بێن نامی جەزیر شار**
**یەکساڵ گێڵیان عەیارانی شا**
**دمای ساڵ گردین ئاما وەدما**
**هیچ نەشنەفتەبین تیشانەی جەزیر**
**نە ئەحواڵی شا نە نامی مەسیر**

دواتر پاشای یەمەن داوا لە کوڕەکەی دەکات ئەو ڕێگە خەتەرناکە نەبڕێت و کێی بوێت بۆی دەهێنێت، مەم بە بیستنی ئەم قسانە نیگەران دەبێت و بە هەڵچوونەوە بە باوکی دەڵێت هەموو حوری دنیام بدەیە جگە یاری خۆم کەسم ناوێت، ڕێگە بدە دەروێش ئاسا بەرەو ئاستانەی یار بڕۆم

**بدەرەم روخسەت وێنەی دەروێشان**
**بە جەفا وەردە هونی دڵ کێشان**
**مەسکەن بە مەسکەن نە دێهات و شار**
**بپەرسو ئەحواڵ یار نادیار**

شا کە زانی کوڕەکەی موکوڕە لەسەر ڕۆشتن مۆڵەتی ڕۆشتنی پێدا بە چل هەزار سوارەوە، بەنهێنی بە سەرلەشکری سوارەکان دەڵێت یەک یەک و دوو دوو لەڕێگا بگەڕێنە دواوە تا بەڵکو تەنها بمێنێتەوەو پەشیمان ببێتەوە، لەشکر ئەو کارەیان کرد، تەنها بەنگینە مایەوە لەگەڵیدا، مەم بە بەنگینەی گوت تۆش بگەڕێرەوە دەنا دەتکوژم، بەنگینە سوێندی خوارد بەبێ تۆ ئەی مەم ناگەڕێمەوە یەمەن ئەگەر پارچە پارچەم بکەیت.

**بەمەنزڵ لوان تەمای سپا**
**وێشان چەو دزی ئامان ئەو دما**
**هەر بەنگینەو مەم مەندەن بە تەنیا**
**مەم دەس دا نە تێغ بڕندە مەودا**
**واتش بەنگینە ورگێڵە پەی شار**
**وەرنە نگونت مەکەرون بەزار**
**بەنگینە واتش ئەی نەسڵی تاهێر**
**قەسەم بە مەعبود باتن و زاهێر**
**تاکە بەرنەشۆم حەیات جە بەدەن**
**بێ تۆ نمەشو بەو ماواو وەتەن**
**مەم چون ئێد شنەفت جەمینش بۆسا**
**بین بە برادەر رو نیان بەڕا**

ئینجا بە ڕێگا بڕینێکی زۆر تا دەگەنە شوێنێک توشی جوتیارێک دێن و لێی دەپرسن ئێرە کوێیە ئەوانیش دەڵێن ئێرە جەزیرەیە میر زەینەدین میر و سەرووەرە و تاجدین وەکیل و زاواى میر تێیدا دەسەڵاتدار و پایە دارن، مەم دەست بە گیرفانیدا دەکات و هەندێ پارە وەک بەخشیش دەداتە جوتیارەکەو بەرەو کۆشکی میر بەڕێ دەکەوێت ، خەڵکێکی زۆر دێن بۆ پێشوازی کوڕی پاشای یەمەن و دەیبەنە کۆشک، یەکەم ژنێک کە مەم دەیبینێ لە کۆشکدا ( مەلەک رەیحان) ی کچی بەکر مەرگەوەڕە ، کچە ئاشقی مەم دەبێت بەڵام مەم وێرای پەسنی جوانی مەلەک رەیحان بەڵام دەزانێت ئەوە ئەڤیندارەکەی خۆی نییە.

واتش ئەی زارع ئینە چ جاهەن
نەی وڵاتەدا کێ پادشاهەن؟
واتش وەلایەت شەهری جەزیرەن
زەینەدین تێدا سەردارو میرەن
میر تاجدین وەکیڵ ساحیب دەرگاهەن
مەنسەب بوڵەندەن دامادی شاهەن
مەم کە ئێد شنەفت دەست بەرد پەرێ جەیب
بەر ئاورد مشتێ ئەشرەفی بێ عەیب
داش بە مزگانی بە زەراعەت کار
بەزەوق و شادی رو نیان نەشار
چون کە داخڵ بین بە شەهری جەزیر
روکەردەن نە باب تاجەدین وەزیر
خرۆشان مەخلۆق جەزیری یەکسەر
پەرێ سەیری مەم بی بە رۆی مەحشەر
تەمام بزۆرگان ئامان بە پێشواز
بەردشان بە قەدر بە نازو ئیعزاز
ناگا بە تۆفیق بینای کردگار
مەلەک رەیاحین نەقەسرێ زەڕکار
چون مای دو هەفتە سەر ئاورد وەبەر
برج و باری قەسر کەردش نمەوەر
مەم کە نگاش کەرد بە روخساری ئەو
بەشەوقی جەمین مای دە چارێ ئەو
وات سەلی عەلا جەنوری بێ عەیب
چێش ئاراست کەردەن کارخانەی لارەیب

**بەڵێ بە تەحقیق زاناش ئەو نیەن**
**ئەبروان هیلال ماهی نەو نیەن**
**دوختەر عەشقی مەم جا کەردش نەدڵ**
**شەیدا بی پەرێش چون بڵبڵ بە گوڵ**

دوای پێشوازی لەلایەن میر زەینەدین و تاجدینەوە یاسەمەن خەبەری هاتنی مەم دەزانێت و خەبەر بۆ زین دەنێرێت کە دڵنیای بکاتەوە بزانێت ئەوە.

**خاتو زین بێ شک زاناش کە مەمەن**
**جە نەدیەی ئەو ئەسیری خەمەن**

دواتر میر دەنێرێت بەداوای تاجەدیندا کە خۆی و میوانەکەی بچن بۆ کۆشک و تاجەدین بە قاسید دەڵێت عەرزی پاشام بکە کوڕی پاشای یەمەن میوانمە شەرمە میوانەکەم جێ بهێڵم و ناشتوانم بیهێنم چون لەدورەوە هاتوە و ماندوە، دەبێت لە نەهاتنم ببورێت و سبەی بەیەکەوە دێینە خزمەتی.

**غوڵامی دەردەم بەفەرمانی میر**
**رەوانکەرد وەقەسر تاجەدین وەزیر**
**واتش ئەی وەزیر دانای پڕ هونەر**
**پێسەن فەرمانش پادشای ئەکبەر**
**بە مێهمانەوە ببەی نە دیوان**
**بەزەوق و عەشرەت شادی و خەرامان**
**وەزیر چون شنەفت وات ئەی ساحیب کار**
**عوزرمان وازە جە شای شەهریار**

**بواچە تاجدین مێهمانش مەمەن**
**فەرزەندێ عەزیز پادشای یەمەن**
**خەیلێ کێشانش جەفای سەر بسات**
**عەیبەن من ئیمشەو باوەروش وەلات**

دواتر داستانە دەست پێدەکات لە خەبەر گەیشتن بە خاتو زین و دانانی پلان بۆ بینینی یەکتر ، لەملاشەوە میر زۆر مەمی بەدڵەوە دەچێت کاتێک یەکەم دیداریان دەبێت و داوا لە تاجدین دەکات بە مەم بڵێت ببێتە میرشکار ی میر زەینەدین،لەجێگەی بەکر مەرگەوەڕ، کاتێ تاجدین ئەمەی پێدەڵێت رازی دەبێت.

**دمای ئەو واتش بەوەزیری کار**
**چێش مەواچی مەم بۆ بە میر شکار؟**
**تاجدین وات بە میر ئەی عالی کردار**
**رەزا بە وێتەن چێش مەکەری کار**
**شا وات بە تاجدین تۆ بواچە پێش**
**بەرکەر جە دڵم ئی سەوداو تەشویش**
**تاجدین وات بەمەم ئەی ساحێب ئوسوڵ**
**حەرفێ مەواچون بکەرەش قبوڵ**
**مەبۆ بکەری میر شکاری شا**
**جەلای تۆ چێشەن ئەی خورشید لەقا**
**مەم وات بە وەزیر منەت بە گیانم**
**قبوڵ مەکەرون بەندە فەرمانم**

دوای ئـەوەی بەکـر مەرگـەوەڕ لـە میرشـکاری دەردەکرێـت و مـەم دێتـە جێگـەی ئیتـر بەکـر دەسـت دەکات بـە پـلان دانـان و چاودێـری کردنـی مـەم.

**میر شکاری شا بەکر نامێ بی**
**بێ پیری مەلعون فیتنە کامێ بی**
**جەمیر شکاری چونکە بی مەعزور**
**وەرداشتش جە مەم کینەو بوغزێ شور**

## یەکەم ژوانی مەم و زین و دەرفەتی بەکر مەرگەوەڕ

رۆژێک مەم دەبینێت زین دێت بۆ سەرکانی دەچێت بۆلای، زین پێی دەڵێت بەیانی میر دەچێت بۆ راو تۆ خۆت نەخۆش بخە تا ئەوان بڕۆن و دواتر من دێم بۆ کۆشکەکەت،

**سۆبحدەم ئەر میر بشۆن بە شکار**
**تۆ وێت بکەرە تەن خەستەو بیمار**
**تاکە دمای ئەو هەردو چەنی هەم**
**بدەریم بەباد سپای جەفاو خەم**
**مەم کە ئێد شنەفت چون گوڵ شکاوا**
**روش کەرد نە دەرگای حەیی بێ ماوا**
**وات پەنام بەتۆن پادشای بێخاو**
**میر زەینەدین سوبحێ زو بشۆ وەڕاو**
**تاکە بنیشیم دو یارێ جانی**
**عەیشێ بکەریم نەی دنیای فانی**
**.............**
**مەم وات ئەی بەنگین یاری وەفادار**
**سۆب سەحەر ئەر میر بشۆ بە شکار**
**تۆ بشۆ چەنیش ببەر چەرخەباز**
**بەئەمرێ فەرمان کەریمی کارساز**
**ئەگەر شا واتش مەم نادیارەن**
**بواچە پەنەش خەستەو بیمارەن**
**نور بینائیم کەردەنش پەیمان**

**دمای شا بەیۆ وەقەسرو ئیوان**
**بکەریم عەیشێ هەردو چەنی هەم**
**واچیم پەی یەکتر رازان چون مەڵهەم**
**بەنگینە واتش ئەی بەرگوزیدەم**
**بەندە فەرمانم ئەی نور دیدەم**

بۆ بەیانی زو میر دێتە کۆشکەکەی مەم و داوای لێدەکات یاوەری بکات بۆ راو، مەم گوتی نەخۆشم، میر هیوای شیفای بۆ خواست و بەنگینەی لەگەڵ خۆی برد بۆ راوشکار..

**ئاگا میر ئاما بەقەسری زەڕکار**
**واتش چەنی مەم بشیم بە شکار**
**غوڵامان واتن ئارۆ بیمارەن**
**جە رەنجی دەوران زەلیل و زارەن**
**شا چون بزاناش نیشت وەلاشەوە**
**دەس ماڵا نەڕوی پەنجەی پاشەوە**
**واتش چێشتەن ئەی خورشید جەمین**
**پەی تەور بیەنی زەلیل و خەمگین؟**
**واتم هەردومان بشیم بە شکار**
**نەزانام کەتۆ کەفتەنی بیمار**
**مەم واتش پەنە شاهی جەهاندار**
**بەنگینە چەنیت ببەر بە شکار**

پاش رۆشتنی میر زین دێتە کۆشکی مەم و دوو دڵدار بەیەک دەگەن

چونکە شین بەسەیر تەمامی لەشکەر
خاتو زین ئاما بەڕوی قەسری زەڕ
یاوا بەدەرگای حوجرەی سەدەفکار
کەردش سلامیّ بەدینی دڵدار
عەلەیکش ئەستاند مەم وێنەی غوڵام
گیانش کەرد نسار باڵای نۆنەمام
نیشتن نەلای هەم دو شەمسی خاوەر
ڕژیدەی قودرەت دەرگاهی داوەر
کەردن بەزم و عەیش تا فەسڵی ئێوار
ناگا ئاماوە میر جەڕۆی شکار
بەنگینە ئاما وەڕوی حەوشی شا
بەگوفتاری بەرز وەردارش سەدا
واتش چەرخەباز لوان بەکەیوان
میرزەینەدین ئامان بەقەسری ئەیوان
............
مەم کە ئێد شنەفت سەراسیمەوار
خاتو زین بە ڕەمز کەردش هۆشیار
چون یاوا بە قەسر شەهەنشای والا
پیا بی جە ئەسپ روکەرد نە باڵا
کەردش سلامیّ نەو خورشید لەقا
مەم عەلەیک ستاند نەورێزا وەپا!!!
ئاما نیشت نەسەدر بە عێز و جاوە
غوڵامان ئامان مدران وەپاوە
شا واتش بە مەم چ تەورەن حاڵت

پەرێم بواچە حاڵ و ئەحواڵت
مەم واتش بە لوتف پادشای ئەکبەر
حالا خاستەرم جەوەقتی سەحەر
دمای ئەو تاجدین ئاما بەدیوان
بەشەرتی ئاداب نیشت نەڕوی ئەیوان
بەکر مەرگەوەڕ نیشتەبێ نەوار
پڕ فیتنەی مەلعون خەبیسی غەدار
مەگەر پەی قەزای بەدبەختی چارەش
نەزاناش کە کەفت یەک گۆشەوارەش
چەمش کۆت پەنەش غەداری بێ بیر
وەرداردش بەقەسد تا بدۆش بەمیر
شومی ناپەسەند نەگێرتش ئارام
واتش شا فەند بێ ئینە گشت تەمام
ئیمڕۆ تا حالا نەی قەسری زەڕکار
خاهەرت چەنی مەمی میر شکار
زەوقشان کەردەن هەردوشان بەهەم
فارێغ بێنێ جە پەژارەو هەم
پادشا چون شنەفت واتش ئەی فزول
دروغ مەواچی مەکەرون قبوڵ
مەلعون بەر ئاورد گۆشەوارەی ماه
پەرێ نیشانە داش بەدەستی شاه

بەکر مەرگەوەڕ داوای کرد کە خاتو زین بێتە دیوان و شا لەگەڵ مەم یاری تاوڵە بکەن، چەندین جار مەم بردیەوە کاتێک پشتی لە

خاتو زین بو، بەکر داوای کرد لەگەڵ شادا مەم جێگەی بگۆڕێت، کاتێ کەوتە بەرامبەر زین شڵەژاو چەندین جار دۆڕاندی، بەکر مەرگەوەڕ داوایکرد شەراب بێنن، شەرابیان هێنا مەم مەست بوو، هەموو قسەی دڵی خۆی کردو بەمەش میر تورە بوو بڕیاری دا مەم زیندانی بکرێت.

**واتش حالا مەم بەردێ بە زیندان**

**بکەردێش مەحبوس زەنجیر نەبەندان**

دوای زیندانی کردنی و نارەحەتی ، دەرفەت دەڕەخسێ زین دەگاتە لای مەم، بەرنامەی قوتاربون و هەڵاتن دادەنێن بەڵام دیسان کچی بەکر مەرگەوەڕ بەمە دەزانێت و بەرنامەکە تێک دەدات و دواتر مەم لە زیندان دەمرێت و خاتو زین خواردن لەخۆی حەرام دەکات، خوشکەکەی دەچێتە لای کە دڵی بداتەوە ئەویش دەڵێت تا خۆم نەچمە سەر گۆڕەکەی و دار قەزوانێک نەنێژم دڵم ئارام نابێتەوە

**ئیقرارم کەردەن تا بە ویم نەشون**

**نەوەر دارەوەن خەیرش نەکەرون**

میریش چونە سەر گۆڕی مەم ی لێ قەدەغە دەکات، کاتێ میر هەواڵی خاتو زین دەپرسێت باسەکەی بۆ دەگێڕنەوە کە چی بەسەر هاتوە کاتێ هەواڵ دەزانێت دەنێرێ بەدوای خاتو زیندا و لێی دەپرسێت و داوا دەکات کە نان و ئاو بخوات ئەویش دەڵێ سوێندم خواردوە تا نەچمە سەر گۆڕی ئازیزم پەیمان ناشکێنم و نان و ئاو ناخۆم، پادشا رازی دەبێت بڕوات بەڵام زو بگەڕێتەوە بەڵام ئەو ڕۆشتنەی ڕۆشت نەگەڕاوە.

## جیاوازیەکانی مەم و زینی هەورامی لەگەڵ ئەوەی خانیدا:

١- لە داستانە هەورامیەکەدا تەنها مەم و بەنگینە خەڵکی یەمەنن، لەوەی خانیدا هەمویان خەڵکی جەزیرەن.

٢- لە مەم و زینی خانیدا مەم و بەنگینەش ناسراون و تەنانەت مەم و تاجدین هاورێی سەردەمی منداڵین.

٣- لە نوسخە هەورامییەکەدا خوشکی خاتو زین ناوی یاسەمەن ە کە خێزانی تاجدینە، لە لای خانی ناوی ئەستێ یە .

٤- لە مەم و زینی خانیدا بەکر مەرگەوەڕ لەدەربای میردایە، لە هەورامییەکەدا میرشکاری زەینەدینە و دانانی مەم لەو جێگەیەدا هۆکارە بۆ پلانگێڕی بەکر مەرگەوەڕ.

٥- خاڵی هاوبەشی هەردوو مەم و زینەکەی خانی هەورامییەکە لەوەدایە کە هونەری شیعری تێدا پارێزراوە و مەوزون و مەلحونە، ئەمە پێچەوانەی ئەوانی تر کە لەشێوەی بەیت دان

# داستانوو مەم و زین‌ی بە گۆرانی نوسخەی کەیومەرس نیک رەفتار



یەک مەحرەمەیش بێ، بەنگینە نامێ
رەفیقێ مونەس، دەورێ ئەیامێ
دایم مەشغوڵ بێ، بە زەوق و بازی
چەنی مەم تەمام، بە دڵنەوازی
ناگا پەی شومی، بەدبەختی حاڵش
چون قەقنەس بایر، سۆچیا باڵش
شەوەێ نە شەوان، چەم نە شەکەر خەو
سێ پەری ئاما، نیشت لە قەسری ئەو
یەکێ ژ وان (وات)، کێ وێنەی مەم بۆ
شۆقێ جەمینش، چون جامێ جەم بۆ
دوەم وات یەکێ، نە جەزیر هەندەن
شەوقێ نوور جە رووی ماه و خۆر سەندەن
سێ یەم وات یاران، با نەبۆ بە غەم
باوەریم بوزیم، چند خوێشان بە هەم
تاکە بوینیم، کامینەن شیرین
بۆی کۆی کامینەن، چنۆ عەنبەرین
قبوڵشان کەرد، بە دیدە و بە گیان
عەزمشان ئاورد، نە دڵ پەی لوان
هەر سێ ورێزان، جە بامێ مەنزەر
تا یاوان وە قەسر، جەمین جامێ زەڕ
شەهزادەی جەزیر، وەرداشتن دەردەم
